

1992 ١٩٩٢

حکومەتی هەرێمی کوردستان

حكومة إقليم كوردستان

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

Ministry of Higher Education & Scientific Research

2006

KRG Iraq

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

| پێرست | لاپەرە |
| --- | --- |
| پێشەکی | 4 |
| ئامۆژگاری و ڕوونکردنەوە بۆ قوتابیان/خوێندکاران | 5 |
| بەندی یەکەم/ مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێم | 7 |
| بەندی دووەم/ مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن | 50 |
| بەندی سێیەم/ ڕێنماییەکانی گواستنەوە و دابەزینی خوێندنی قوتابیان/خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان | 55 |
| بەندی چوارەم/ پێشکەش کردنی فۆرمی زانکۆ لاین | 59 |
| بەندی پێنجەم/ چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەی لێهاتوویی، پەیوەندیکردن و ناڕەزایی و ڕەخنەگرتن، گەڕانەوەی پالاوتن، خۆتەرخانکردن بۆ خوێندن | 81 |
| بەندی شەشەم/ خشتەی زانکۆ و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی 2016-2017 | 84 |
| بەندی حەوتەم / کۆلێژە هاوپسپۆرییەکانی ئامادەییە پیشەییەکان ، هێمای ئەو پەیمانگەیانەی دەرچووی ئامادەیی پیشەیی وەردەگرن (پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ و پەرستاری و ئیسلامی ) ، هێمای پارێزگاکانی هەرێم . | 110 |

# بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

## پێشکەشکاری بەڕێز...
## ئەم ڕێبەرە بۆ بەرچاوڕوونی تۆ ئامادەکراوە...
## تکایە بەووردی بیخوێنەرەوە تاوەکو لە کاتی پێشکەشکرندا نەکەویتە هەڵەوە

## پێشەکی

### قوتابی/خوێندکاری ئازیز...

لە دوای ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ساڵی خوێندنی (2011-2012) سیستمێکی نویێ داهێنا بە ناوی (زانکۆلاین) ، بۆ پێشکەشکردنی فۆرمی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم . سیستمی زانکۆلاین بە هەوڵ و هاوکاری هەموو لایەک لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا و تەواوی قوتابیان/خوێندکاران سوودیان لێوەرگرت. بۆ زیاتر ئاسانکردنی کاری پێشکەشکردن وەزارەتەکەمان بۆ ئەمساڵی خوێندن (2016-2017) سیستەمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆیی زانکۆیی پەیرەو دەکات کە لە لەلایەن زانکۆ، کۆلێژ، فاکەڵتی پەیمانگە، سکوڵ، بەش، ئامادە و جی بەجێ دەکرێت

قوتابی/خوێندکاری بەڕێز... لەم ڕێبەرەی لەبەر دەستت دایە تەواوی ڕێنماییەکانی تایبەت بە پڕکردنەوەی فۆرمی وەرگرتن لە ڕێگەی سیستمی زانکۆلاین وسیستەمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆیی ڕوونکراوەتەوە، **تکایە ڕێنماییەکان بەووردی بخوێنەرەوە** و لەبەرچاوی بگرە. زۆرگرنگە هەڵبژاردنەکانت لەگەڵ ئارەزوو و باری تەندروستی و توانای زانستیت بگونجێت. وەرگیرانت لە هەر خوێندنێک بە لەبەر چاوگرتنی ئارەزوو و باری تەندروستی و توانای زانستیت مانای ئەوەیە، کە تۆ هێڵە گشتییەکانی دوا ڕۆژی خۆت دیاری کردوە. پێویستە ئەوە بووترێت کە گواستنەوەی لەو بەشەی لێی وەردەگیرێیت بۆ هەمان بەش لە شوێنێکی تر یان بۆ هەر بەشێکی تر یان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر کارێکی ئاسان نیە، بەتایبەتی کە بەپێی هەڵبژاردنەکانی خۆت لەو جۆرە خوێندنە وەرگیرابێت.

## ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان

# ئامۆژگاری و ڕوونکردنەوە بۆ قوتابیان/خوێندکاران.

1.پێویستە لەسەر قوتابی/خوێندکار هەموو بڕگەکانی ڕێبەرەکە بەباشی بخوێنێتەوە و تێیان بگات پێش ئەوەی فۆرمی زانکۆلاین بۆ وەرگرتن لە کۆلێژ و پەیمانگەکانی هەرێم پڕ بکاتەوە.

2.مەرج نییە هەموو قوتابیەک/خوێندکارێک کە فۆرم پڕدەکاتەوە وەربگیرێت، چونکە وەرگرتن بەپێی چەند بنەمایەکی تایبەتی و لەسەر بنەمای پێشبڕکێ لەگەڵ قوتابیانی/ خوێندکارانی تردا دەبێت.

3.بڵاوکردنەوەی ئەنجامی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران لە کۆلێژ و پەیمانگەکان لە ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ناوەندی وەرگرتن بڵاو دەبێتەوە: www.mohe-cao.com یان www.mhe-krg.org یان www.regayzanko.com بۆ وەرگرتنی زانیاری بە ڤیدیۆ لەسەر بەشەکان سەردانی ئەو ماڵپەڕانە بکە.

4.قوتابی/خوێندکار لە دروستیی ژمارەی تاقیکردنەوەکەی دڵنیا بێت.

5.هەڵبژاردنی دروستی قوتابی/خوێندکار بەدوا هەڵبژاردن دادەنرێت، بە هیچ جۆرێک ڕێگا نادرێت لەو ڕووەوە نارەزایی دەرببڕێت.

6.ئەو قوتابیەی/خوێندکارەی ڕاستەوخۆ لە بەشی پەروەردەی وەرزشی و بەشەکانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان وەربگیرێت، هەر وەرگرتنێکی تری هەبێت لەلایەن کۆمپیوتەرەوە هەڵدەوەشێتەوە.

7.هەر پێشکەشکارێک پێشتر لە شوێنێک وەرگیرا بێت مافی پڕکردنەوەی فۆرمی وەرگرتنی نییە.

8.ئەگەر وەرگرتنی قوتابی/خوێندکار لەگەڵ ڕێنماییەکانی وەرگرتن نەگونجا ، ئەوا ئەو وەرگرتنە هەڵدەوەشێندرێتەوە و کاری پێ ناکرێت.

***خوێندن لە بەشەکانی یاسا لە زانکۆی حکومی وتایبەتەکانی هەرێم بۆ ساڵی خوێندنی (2016-2017)و ساڵانی دواتر دەبێتە (5) ساڵ .**

## مەڵبەندەکانی ڕاوێژکاری وەرگرتن:

مەبەستی ئەم مەڵبەندانە ئاسانکردن و ڕاپەڕاندنی کاروباری چۆنیەتی پێشکەشکردنە بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (2017-2016) لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی مەرجەکانی پێشکەشکردن بۆ وەرگرتن و خستنە ڕووی سروشتی خوێندنەکان لە کۆلێژەکان و پەیمانگەکان بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەو هەڵانەی کە لەوانەیە ڕووبەڕووی پێشکەشکار ببنەوە .

مەڵبەندەکانی ڕاوێژکاری وەرگرتن بەسەر پارێزگاکانی هەرێم دا دابەشکراون و بۆ هەریەکێکیان هێمایەکی تایبەت دانراوە، بەم شێوەی خوارەوە:

| ز | ناوی مەڵبەند | هێما |
|---|---|---|
| 1 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن/ زانکۆی سەلاحەددین | یەکەم |
| 2 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی سلێمانی | دووەم |
| 3 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی دهۆک | سێیەم |
| 4 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی کۆیە | چوارەم |
| 5 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی هەولێری پزیشکی | پێنجەم |
| 6 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی سۆران | شەشەم |
| 7 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی زاخۆ | حەوتەم |
| 8 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی گەرمیان/ کەلار | هەشتەم |
| 9 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی ڕاپەڕین/ ڕانیە | نۆیەم |
| 10 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی هەڵەبجە | دەیەم |
| 11 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی چەرمو | یانزەیەم |
| 12 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | دوانزەیەم |
| 13 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن / زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | سیانزەیەم |
| 14 | مەڵبەندی ڕاوێژکاری وەرگرتن/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک | چواردەیەم |

# بەندی یەکەم

## مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی قوتابییان/خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێم

# مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران
# لە زانکۆکانی هەرێم بۆ ساڵی خوێندنی 2016-2017

## یەکەم : مافی وەرگرتن و پێشکەش کردنی فۆرم

أ. هەر قوتابی/خوێندکارێک کە فۆرمی وەرگرتن پێشکەش دەکات مەرج نییە وەربگیرێت، چونکە وەرگرتن بەپێی چەند بنەمایەکی زانستی عەدالەت ئامێزو لەسەر بنچینەی کێبڕکێی کونمرە لە نێوان تێکڕای قوتابیان/خوێندکاران.

ب. وەرگرتن لە بەشەکان بە شێوازی وەرگرتنی ناوەندیی (قبول مرکزی)وسیستەمی ڕاستەوخۆیی زانکۆیی جێبەجێ دەکرێت بۆیە قوتابی/خوێندکار مافی وەرگرتنی تەنها لە یەک شوێن هەیە لەزانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان.

ج. قوتابی/خوێندکار مافی نییە لە هەمان کاتدا خوێندکاربێت لە زانکۆ یان پەیمانگەی حکومی و زانکۆیەک و پەیمانگەکی تایبەت ( ئەهلی) ، ئەگەر خوێندکارێک لە زانکۆ یان پەیمانگەی حکومی و لە هەمان کاتیش لە زانکۆپەیمانگەی تایبەت ( ئەهلی) وەرگیرا ئەوا پێویستە لەسەری لە هەفتەی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی ناوەکان بڕیاری خۆی بدات و لە زانکۆ و پەیمانگەی حکومی یان لە زانکۆ یا پەیمانگە تایبەتەکە داوای کێشانەوەی دۆسییە و سڕینەوەی ناو بکات، بە پێچەوانەوە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت.

د. ئەو قوتابی/خوێندکارەی کە ساڵانی پێشتر فۆرمی پێشکەش کردووە و لە یەکێک لە کۆلێژە و فاکەڵتی یان پەیمانگەکانی هەرێم وەرگیراوە ئەگەر پەیوەندی بەخوێندنەکەی کردبێت یان نەکردبێت مافی نییە جارێکیتر داواکاری وەرگرتن پێشکەش بکات.

ە. قوتابی/خوێندکار مافی هەیە لە فۆرمی پێشکەش کردن ( 50) پەنجا هەڵبژاردە (اختیار) پڕبکاتەوە لە بەشەکانی کۆلێژ و فاکەڵتی و پەیمانگە حکومیەکان ، ڕیزبەندی و هەڵبژاردەکان (اختیارات) بە پێی ئارەزووی خوێندکار/ قوتابی دەبێت بە پێی بڕیاری خۆی کە پێوەرێکی گرنگ و سەرەکییە لە دیاریکردنی شوێنی وەرگرتنی، پێویستە لەسەر قوتابی/خوێندکار ڕەچاوی مەرجە گشتی و تایبەتییەکانی وەرگرتن بکات و تەنها ئەو

خوێندن و بەشانە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ ئارەزووی خۆی و لقی خوێندنی ئامادەییەکەی دەگونجێت، **بۆیە بیانووی بەهەڵە پڕکردنەوەی نامێنێ**.

و. ئەگەر قوتابی/خوێندکار فۆرمی پێشکەش کرد و ناوی لە هیچ کۆلیژێک یان پەیمانگەیەک دەرنەچوو بەهۆی کەمی و نەگونجانی هەڵبژاردنەکانی، ئەوا ناوەندی وەرگرتن هەڵدەستێت بە دابەش کردنی ئەو قوتابی/ خوێندکارانە لەسەر ئەو کورسیانەی خوێندن کە لە زانکۆکان بە بەتاڵی دەمێننەوە بە ڕەچاوکردنی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو، وە ئەو قوتابی/ خوێندکارانە مافی نارەزاییان نابێت کە لە بڕگەی (یازدەیەم)ی ئەم ڕێنماییە ئاماژەی پێکراوە.

**ز.** ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە بەهۆی کەمی کۆنمرەکانیان لە هیچ کۆلیژ یان پەیمانگەیەک وەرناگیرێن بۆیان هەیە لە ساڵی ئاییندەدا دووبارە بچنەوە کێبڕکێ بە پێی کۆنمرەی ساڵی دووەمی پێشکەش کردن، وە ئەو مافەشیان تەنها بۆ یەک ساڵ پێدەدرێت.واتە دەرچووانی ئامادەیی زانستی و وێژەیی تەنها دوو ساڵ مافی پێشکەشکردنیان هەیە و ساڵی دووەمیش تەنها بۆ ئەو دەرچووانەدەبێت کە پێشتر لە هیچ زانکۆ و پەیمانگەیەکی حکومی و تایبەت لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم وەرنەگیرابن.

## دووەم : مەرجە گشتییەکانی وەرگرتن

ئەوقوتابی/خوێندکارەی لەزانکۆ و پەیمانگەکان وەردەگیرێت پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

أ. خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

ب. دەرچووی ئامادەییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بێت و بڕوانامەکەی پەسەند کرابێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکەیەوە، واتە دەرچووانی ئامادەییەکانی دەرەوەی هەرێم مافی پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتنیان نییە لە زانکۆکانی هەرێم.

ج. لە پشکنینی پزیشکی دەرچووبێت بەپێی ئەو مەرجە تایبەتییانەی بۆ هەر خوێندنێک دیاریکراوە.

د. تەمەنی لە (30) ساڵ زیاتر نەبێت بۆ خوێندنی بەیانیان ، بۆ خوێندنی ئێواران ڕەچاوی تەمەن و ساڵی دەرچوون ناکرێت وە بۆ خوێندنی پاراڵێل مەرجی تەمەن (40) ساڵە ، ئەو

قوتابی/خوێندکارەی تێکرای نمرەی پۆلی دوازدەی لە (80%) بەسەرەوەیە ڕەچاوی مەرجی تەمەنی بۆ ناکرێت و ئەم مەرجە ئامادەییە پیشەیەکانیش دەگریتەوە .

## سێیەم: وەرگرتنی دەرچووانی لقی زانستی و وێژەیی ئامادەییەکانی هەرێم:

**هەژمارکردنی ڕێژەیی پۆلی (10)و(11) بە شێوازێکی یەکخراوە لە ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە وە هەر پێداچوونەوەیەک لەسەر کۆنمرەی ئامادەیی بەرەو رووی وەزارەتی پەروەردە دەکرێتەوە.**

(بە پێی ی ڕەزامەندی هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە ،قوتابی/ خوێندکار ئاگادار دەکەینەوە کە بەخشینی نمرە تەنها بۆ ئەمساڵە،ساڵی ئایندەی خوێندن(2017-2018) ئەم بریارە هەڵدەوەشێتەوە و قوتابی بە کۆنمرەی تەواوی خۆی دەچێتە پێشبرکێی ی وەرگرتن).

أ- دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (7) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی یەکەم دەرچووبن ئەوا (21) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان.

ب-دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (7) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی دووەم دەرچووبن ئەوا (7) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان.

ج- دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (6) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی یەکەم دەرچووبن ئەوا (14) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان. (ئەو قوتابی/خوێندکارانە دەگرێتەوە کە لە یەک وانە بەخشراون بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە).

د- دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (5) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی یەکەم دەرچووبن ئەوا (7) نمرە دەخرێتە سەر کۆنمرەکەیان. (ئەو قوتابی/خوێندکارانە دەگرێتەوە کە لە دوو وانە بەخشراون بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە).

هـ- هیچ نمرە ناخرێتە سەر کۆنمرەی دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (6) وانە یـان (5) وانە تـاقیکردنەوە ئەنجـام بـدەن، ئەگەر لە سـاڵی یەکـەم و خـولی دووەم دەرچووبن. (ئەو قوتابی/خوێندکارانە دەگرێتەوە کە لە یەک یا دوو وانە بەخشراون بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە).

و. دەرچـووانی پـۆلی دوانـزە، ئەوانەی کە داواکـراون لە (7) وانە تـاقیکردنەوە ئەنجـام بـدەن، بەڵام یەک وانە (مستوفین)واتە لەو وانەیە تـەنها دەردەچـن بـەبێ هـەژمارکردنی نمرەکـەی لەسەر کۆنمرەی گشتی ئەگەر لە ساڵی یەکـەم و خـولی یەکـەم دەرچووبن ئەوا (18) نمـرە دەخرێتـە سـەر کۆنمرەکەیـان ، وە ئەگەر لە سـاڵی یەکـەم و خـولی دووەم دەرچـووبن ئەوا (6) نمـرە دەخرێتـە سـەر کۆنمرەکەیـان، وە ئەگەر لە سـاڵی دووەم یـان زیـاتر دەرچـووبن بە هەردوو خـولی یەکـەم و دووەم ئەوا کۆنمرەکەیـان وەکـو خـۆی دەمێنێتەوە، واتە هـیچ نمرەیەک وەرناگرن و هیچ نمرەیەکیشیان لێ نابڕدرێت.

ز. دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەوانەی کە داواکراون لە (7) وانە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، بەڵام دوو وانە (مستوفین) واتە لەو وانانە تەنها دەردەچن بەبێ هەژمارکردنی نمرەکـەی لەسـەر کۆنمرەی گشتی ئەگەر لە ساڵی یەکەم و خولی یەکەم دەرچووبن ئەوا (15) نمرە دەخرێتە سـەر کۆنمرەکەیان ، وە ئەگەر لە سـاڵی یەکـەم و خـولی دووەم دەرچـووبن ئەوا (5) نمـرە دەخرێتە سـەر کۆنمرەکەیان، وە ئەگەر لە سـاڵی دووەم یـان زیـاتر دەرچووبن بە هەردوو خـولی یەکـەم و دووەم ئەوا کۆنمرەکەیـان وەکـو خـۆی دەمێنێتەوە، واتە هـیچ نمـرەیەک وەرناگرن و هیچ نمرەیەکیشیان لێ نابڕدرێت.

ح. دەرچووانی پۆلی دوانزە، ئەگەر لە ساڵی دووەم یان زیاتر دەرچووبن بە هەردوو خولی یەکەم و دووەم ئەوا کۆنمرەکەیان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، واتە هیچ نمرەیەک وەرناگرن و هیچ نمرەیەکیشیان لێ نابڕدرێت.

ط. لیژنـەیەکـی تایبـەت کە بـە سـەرۆکایەتیی یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتیی کاروبـاری هونەری لە بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتیی پـەروەردەی پارێزگاکان پێک دەهێنرێت. ئەو لیژنەیە

فۆرم و بڕوانامەی دەرچوون و ووردبین دەکات. بەرپرسیاریتی ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان دایە.

**ئەو قوتابی/خوێندکارەی کە دووبارە تاقیکردنەوەی(باشتر کردنی تێکرا) واتە (تحسين المعدل) دەکات،نابێت بەشداری پرۆسەی زانکۆلاین بکات. وە ئەگەر بەشداری پرۆسەکە بکات وە ناویشی دەرنەچێت، ساڵی داهاتوو بەپێی کۆنمرەی ساڵی یەکەم دەچێتە پێشبڕکێ ی زانکۆلاین.**

**(بە پێی ی ڕەزامەندی هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە ،قوتابی/ خوێندکار ئاگادار دەکەینەوە کە بەخشینی نمرە تەنها بۆ ئەمساڵە،ساڵی ئایندەی خوێندن(2017-2018) ئەم بڕیارە هەڵدەوەشێتەوە و قوتابی بە کۆنمرەی تەواوی خۆی دەچێتە پێشبڕکێ ی وەرگرتن).**

## خشتەی(1)

## بەخشینی نمرە بە دەرچووانی لقی زانستی و وێژەیی ئامادەییەکان.

| ژ | وانەی داواکراو بۆ تاقیکردنەوە | ساڵی دەرچوون | خولی دەرچوون | نمرەی بەخشراو |
|---|---|---|---|---|
| 1- | 7 وانە (هیچ وانەیەک نەبەخشراوە) | یەکەم | یەکەم | 21 نمرە |
| | | یەکەم | دووەم | 7 نمرە |
| | | دووەم یان زیاتر | یەکەم یان دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| 2- | 6 وانە (یەک وانە بەخشراوە) | یەکەم | یەکەم | 14 نمرە |
| | | یەکەم | دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| | | دووەم یان زیاتر | یەکەم یان دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| 3- | 5 وانە (دوو وانە بەخشراوە) | یەکەم | یەکەم | 7 نمرە |

| ژ | وانەی داواکراو بۆ تاقیکردنەوە | ساڵی دەرچوون | خولی دەرچوون | نمرەی بەخشراو |
|---|---|---|---|---|
| | | یەکەم | دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| | | دووەم یان زیاتر | یەکەم یان دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| 4- | 6 وانە (یەک وانە( مستوفی)) | یەکەم | یەکەم | 18 نمرە |
| | | یەکەم | دووەم | 6 نمرە |
| | | دووەم یان زیاتر | یەکەم یان دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |
| 5- | 5 وانە (دوو وانە (مستوفی)) | یەکەم | یەکەم | 15 نمرە |
| | | یەکەم | دووەم | 5 نمرە |
| | | دووەم یان زیاتر | یەکەم یان دووەم | هیچ نمرە وەرناگرێت |

## چوارەم : وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم

أ. یەکەمی دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان لەسەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی هاوتا بە پسپۆرییەکەی لە زانکۆکانی هەرێم وەردەگیرێت بەمەرجێک تێکڕایی نمرەکەی لە 80% کەمتر نەبێت.

ب. یەکەم و دووەم و سێیەمی دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان لەسەر ئاستی پارێزگا ئەگەر مەرجەکانی خاڵی (أ)ی تێدا نەبوو ئەوا لەکۆلێژە تەکنیکییەکان لە بەشی هاوتا بە پسپۆرییەکەی وەردەگیرێت.

(یەکەمی دەرچووان لەسەر ئاستی هەر دوو خولی یەکەم و دووەم هەژمار دەکرێت)

ج. دەرچووانی ئامادەییە پیشەییەکان لە هەردوو خولی یەکەم و دووەم تەنها لەبەشی هاوپسپۆر لە پەیمانگەکان وەردەگیرێن بەمەرجێک تێکڕایی نمرەکانیان لە(64%) کەمتر نەبێت و ژمارەی وەرگیراوانی لە نیوەی پلانی وەرگرتن زیاتر نەبێت .

د. دەرچووانی ئامادەییەکانی مامانی لە بەشی ئافرەتان و منداڵبوون لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولێر و سۆران و بەشی ژنان و منداڵبوون لە پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی وەردەگیرێن لەسەر ئاستی پارێزگا.

## پێنجەم : وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی

أ. یەکەم و دووەم و سێیەم لە دەرچووانی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی پەروەردە لەسەر ئاستی هەرێم لەبەشەکانی زمانی عەرەبی لە زانکۆکان وەردەگیرێن بەپێی سنوری جوگرافی بە مەرجێ تێکڕای نمرەیان لە 75% کەمتر نەبێت .

ب. (50%) ی کورسیەکانی بەشەکانی کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان لەهەر زانکۆیەکی هەرێم تەرخان دەکرێت بۆ دەرچووانی خوێندنگە ئاینییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و(50%) بۆ دەرچووانی ئامادەیی بە هەردوو لقی زانستی و ویژەیی.

ج. یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی ئەزهەر بۆ ساڵی خوێندنی (2015-2016) لە بەشەکانی زمانی عەرەبی کولێژی زمان یا ئەدەبیات ، زانستە مرۆڤایەتیەکان وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە 80% کەمتر نەبێت و تەمەنی قوتابی/ خوێندکاریش لە (30) ساڵ زیاتر نەبێت، ئەوانی تر بە پێی سیستەمی پێشبرکێ لە بەشەکانی زانستە ئیسلامیەکان وەردەگیرێن.

د. یەکەم و دووەم و سێیەمی، بەشەکانی پەیمانگەی زانستە ئیسلامیەکان دەرچووانی ساڵی خوێندنی (2015-2016-) لە بەشە هاوشێوەکانیان یان بەشی نزیک لە پسپۆریان لە زانکۆکان وەردەگیرێن، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە 80 %کەمتر نەبێت و تەمەنیشیان لە (30) ساڵ زیاتر نەبێت.

## شەشەم : وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە

أ. (25%) ی کورسیەکانی سکولی هونەرە جوانەکان لەزانکۆی سلێمانی و کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سەلاحەددین و بەشی شانۆ و شێوەکاری لە فاکەڵتی زانستی مرۆڤایەتی لە زانکۆی دهۆک تەرخان دەکرێت بۆ دەرچووانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سەربەوەزارەتی پەروەردە و تەنها دەرچووانی ساڵانی خوێندنی (2014-2015)، (2015-2016 )مافی پێشکەش کردنیان هەیە بە مەرجێک تێکڕای نمرەی پەیمانگەیان لە (65%) کەمتر نەبێت.

ب. ئەو قوتابی/خوێندکارانەی مەرجەکانی خاڵی (أ)یان هەیە پێویستە بەشدار بن لە تاقیکردنەوەی لێهاتوویی و تێیدا سەرکەوتووبن، تاقیکردنەوەکە لە کۆلێژ و سکوڵە ئاماژە پێکراوکاندا ئەنجام

دەدرێت، نمرەی کۆتاییش بەم شێوەیە دەبێت (40%) نمرەی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی و (60%) نمرەی تێکڕای پەیمانگە).

ج.

1-وەرگرتنی یەکەم و دووەم وسێیەم لە سەر ئاستی پەیمانگەکانی وەرزش لە کۆلێژ(سکوڵ) پەروەردەی وەرزشی وەردەگیرێن وە دەبێت تێکڕای نمرەی پەیمانگەیان لە (75%) کەمتر نەبێت وە ئەگەر لەو سێ خوێندکارە یەک خوێندکار پەیوەندی نەکرد خوێندکاری چوارەم یان پێنچەم تاوەکو ڕیزبەندی (10) لەسەر ئاستی پەیمانگا دەتوانێت شوێنیان بگرێتەوە پەیوەندی بکات.

2-(15%) کورسی یەکانی وەرگرتن بۆ پاڵەوانانی خوێندکارانی پەیمانگا وەرزشی یەکان تەرخان دەرکرێت ئەمەش بە پێشبرکێ و بە هەمان ڕێنمایەکانی خوێندنی بەیانیان0

3-دەبێت پێشکەشکار دەرچووی ساڵی خوێندنی (2015-2016) بێت.

د.

## یەکەم: وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگەکانی کۆمپیوتەر لە زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان:

1-دەرچووی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگە حکومیەکانی کۆمپیوتەر لەسەر ئاستی هەرێم لە بەشی سیستەمی زانیاری کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر وەردەگیرێن، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (85%) کەمتر نەبێت، چونکە بەشی ناوبراو بەشێکی ئەندازیاریە.

2 دەرچووی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری سلێمانی (حکومی) لە کۆلێژی ئینفۆرماتیکی سلێمانی بەشی کۆمپیوتەر وەربگیرێن، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (80%) کەمتر نەبێت، لە کاتی سەرکەوتنیاندا بۆ خاڵی(1) پڕدەکرێنەوە بە کاندیدەکانی دوای خۆیان

بە ڕەچاو کردنی نمرەکانیان بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (80%) کەمتر نەبێت.

3–دەرچووی  یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری دهۆک (حکومی) لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێری دهۆک بەشی سیستەمی زانیاری وەردەگیرێن، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (80%) کەمتر نەبێت، لە کاتی سەرکەوتنیاندا بۆ خالی(1) پڕدەکرێنەوە بە کاندیدەکانی دوای خۆیان بە ڕەچاو کردنی کۆنمرەکانیان بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (80%) کەمتر نەبێت.

4–دەرچووی  یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری ئاکرێ (حکومی) لە کۆلێژی تەکنیکی ئاکرێ بەشی سیستەمی زانیاری وەردەگیرێن، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (80%) کەمتر نەبێت، لە کاتی سەرکەوتنیاندا بۆ خالی(1) پڕدەکرێنەوە بە کاندیدەکانی دوای خۆیان بە ڕەچاو کردنی نمرەکانیان بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (80%) کەمتر نەبێت.

5–لە (20%) پلانی وەرگرتنی پارالێل و خوێندنی ئێواران لە بەشەکانی کۆمپیوتەر و سیستەمی زانیاری سەر بە کۆلێژی تەکنیکیەکانی زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان بۆ دەرچووانی پەیمانگە ئەهلیەکانی کۆمپیوتەری  سەر بە وەزارەتی پەروەردە بێت، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (75%) کەمتر نەبێت. ئەگەر ئەم ڕێژەیە پڕ نەبووە ئەوا زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان بۆیان هەیە بە دەرچووانی پەیمانگەکانی خۆیان کورسیە بەتاڵەکان پڕ بکەنەوە.

### دووەم:وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگەکانی کۆمپیوتەر لە زانکۆکانی تر:

1–دەرچووانی  یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری هەولێر(حکومی) لە زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێژی زانست بەشی کۆمپیوتەر وەردەگیرێن، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (80%) کەمتر نەبێت.

2– دەرچووانی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری کەلار (حکومی) لە بەشی کۆمپیوتەری زانکۆی گەرمیان وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (80%) کەمتر نەبێت.

3– دەرچووانی یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری رانیە (حکومی) لەزانکۆی راپەرین بەشی کۆمپیوتەر وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (80%) کەمتر نەبێت.

4- دەرچووانی  یەکەم و دووەم و سێیەمی پەیمانگەی کۆمپیوتەری سۆران (حکومی) لەزانکۆی سۆران بەشی کۆمپیوتەر وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە (80%) کەمتر نەبێت.

ه. ئەو قوتابی/خوێندکارانەی بەپێی خاڵەکانی (أ، ب، ج، د) وەردەگیرێن بۆیان نیە دابمەزرێن تاوەکو خوێندن تەواو دەکەن، بە پێچەوانەوە خوێندنەکەیان هەڵدەوەشێتەوە.

## حەوتەم : وەرگرتن لە بەشەکانی هونەرە جوانەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

### أ. دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی.

1. داواکار دەبێت دەرچووی دوانزەی ئامادەیی لە ساڵی پێشکەش کردن یان ساڵێک پێشتر بێت بۆ هەردو بەشی (زانستی و وێژەیی). بە مەرجێک پێشتر لە هیچ زانکۆیەکی حکومی و تایبەت وەرنەگیرابێت.

2. دەبێت داواکار دەرچووی خوێندنگەکانی سنوری هەرێمی کوردستان بێت یان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بێت ،بە مەرجێک تاقیکردنەوەکانی بە پێی سیستمی هەرێمی کوردستان ئەنجام دابێت.
3. داواکار دەبێت تەمەنی لە (30) ساڵ زیاتر نەبێت
4. داواکار دەبێت تێکڕای نمرەی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی)  (60%) کەمتر نەبێت .
5. لەکاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی (60%)ی نمرە لەسەر کۆنمرەکەی دەبێت وە ڕێژەی (40%)ی نمرە لەسەر لێهاتوویی توانستی داواکار دەبێت بە مەرجێک لە لە لێهاتویی توانستی لە نیوە زیاتر بێت  .
6. پێویستە داواکار سەرجەم دۆکۆمێنتەکان لەگەڵ خۆیدا بهێنێت وەک ( ڕۆژنامە / بڕوانامەکان /خەڵاتەکان / وێنە / پێناس ) پەسند کراو بێت لە لایەن سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان .
7. نابینا دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ بەشی موزیک بە مەرجێک برگەکانی (1- 7) ی تێدا بێت وە بەهرەی هونەری خۆی بسەلمێنێت .

8. داوا کار لە مەرجی جەستەیی و شیاوی مامۆستایی دەبەخشرێت لە بەشی موزیک و شێوەکاری واتە گشت( خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان) دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن.

### پێداویستیەکان بۆ بەشی موزیک

پێویستە داواکار ئامێری موزیک لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ ڕۆژی چاو پێکەوتن.

#### پێداویستیەکان بۆ بەشی شێوەکاری

پێویستە داواکار کەرەستەکانی هێلکاری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ ڕۆژی چاو پێکەوتن

## ب/ بەهرەمەندان

**سەبارەت بە وەرگرتن لە بەشەکانی هونەرە جوانەکان بۆ هەر بەشیک تەنها (3) سێ بەهرەمەند وەردەگیرێت .**

1. هونەرمەندی بەهرەمەند دەبێت هەڵگری بڕوانامەی دوانزەی ئامادەیی یان پەیمانگەی هونەرە جوانەکان یا هاوتایان بێت .
2. دەبێت هونەرمەندی بەهرەمەند دەرچووی خوێندنگەکانی سنوری هەرێمی کوردستان بێت، یا لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە مەرجێک تاقی کردنەوەکانی بە پێی سیستمی هەرێمی کوردستان ئەنجام دابێت
3. دەبێت هونەرمەندی بەهرەمەند تەمەنی لە (35) ساڵ زیاتر نەبێت، وە ئەگەر تەمەنی زیاتر بوو تا (45) ساڵ بە خوێندنی پاراڵیل وەردەگیرێت.
4. پێنج ساڵ شارەزایی ( خبرە) کاری کەمتر نەبێت .
5. زانکۆ بەرپرسیار نییە لە یاسای ڕاژەی شارستانی (قانون الخدمە المدنیە) وە هونەرمەندی بەهرەمەند دەبێت بە تەواوی خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندنەکەی وە خۆی بەرپرسیارە لە وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنەکەی .
6. لە کاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی (60%)ی نمرە لەسەر کۆنمرە کەی دەبێت وە ڕێژەی(40%) ی نمرە لەسەر لێهاتوویی توانستی بەهرەمەندی پاڵێوراو دەبێت ،بە مەرجێک لە لێهاتویی توانستی بەهرەمەندی دەرچووبێت. .
7. هونەرمەندی بەهرەمەند دەبێت ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بێت .
8. پێویستە هونەرمەندی بەهرەمەند سەرجەم دۆکۆمێنتەکان لەگەڵ خۆیدا بهێنێت وەک (ڕۆژنامە/بڕوانامەکان/خەلاتەکان/وێنە/پێناس ) پەسند کراو بێت لە لایەن سەندیکای هونەر مەندانی کوردستان .

9. هونەرمەندی بەهرەمەند بەلایەنی کەمەوە بە دیکومێنت لە(5) پێشانگای هاوبەش (چالاکی هاوبەش) بەشداری
کردبێت یان یەک پێشانگای تایبەت (چالاکی تایبەت) و هەروەها دوو پێشانگای هاوبەش(چالاکی هاوبەش).

10.هونەرمەندی بەهرەمەندی نابینا دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات بۆ بەشی موزیک بە مەرجێک بڕگەکانی (1– 8) ی تیدا بێت وە بەهرەمەندی هونەری خۆی بسەلمێنێت .

11.هونەرمەندی بەهرەمەند لە مەرجی جەستەیی و شیاوی مامۆستایی دەبەخشرێت لە بەشی موزیک و شێوەکاری واتە گشت (خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان) دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن.

## پێداویستیەکان بۆ بەشی موزیک

پێویستە هونەرمەندی بەهرەمەند ئامێری موزیک لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ ڕۆژی چاو پێکەوتن.

## پێداویستیەکان بۆ بەشی شێوەکاری

پێویستە هونەرمەندی بەهرەمەند کەرەستەکانی هێڵکاری لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ ڕۆژی چاو پێکەوتن.

## هەشتەم: وەرگرتن لە کۆلێژ و سکول و بەشەکانی وەرزش

### أ/ دەرچووانی پۆلی دوانزەی ئامادەیی

1. قوتابی/ خوێندکار دەبێت تەنها دەرچووی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بەشی زانستی یا وێژەیی ساڵی(2015–2016) بێت.
2. پاڵێوراو دەبێت دەرچووی خوێندنگەکانی سنووری هەرێمی کوردستان بێت یان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە مەرجێک تاقیکردنەوەکانی بە پێی سیستمی هەرێمی کوردستان ئەنجام دابێت.
3. قوتابی / خوێندکار دەبێت لەدایک بووی ساڵی(1990) یا سەرووتر بێت.
4. پێویستە تێکڕای نمرەکانی قوتابی/ خوێندکار لە (60%) نمرە بۆ هەردوو ڕەگەز کەمتر نەبێت.

5. له کاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی (60%)ی نمرە لەسەر کۆنمرەکەی دەبێت و (40%)ی نمرە لەسەر لیهاتوویی جەستەیی (اللياقة البدنية) پاڵێوراو دەبێت و تێیدا دەرچووبن.
6. قوتابی/ خوێنکار دەرچووی ساڵی خوێندنی (2014-2015) بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بکات ، بە مەرجێک لە هیچ کۆلێژیک یا پەیمانگایەک وەرنەگیرابێت و نمرەکەشی لەگەڵ نمرەی ساڵی خوێندنی (2015-2016) بگونجێت، و بەڵێننامەی پێ پڕ بکرێتەوە.
7. دەبێت قوتابی / خوێندکار باڵای لە (165) سم بۆ کوڕ و (155) سم بۆ کچ کەمتر نەبێت.
8. دەبێت قوتابی/ خوێندکار لە پشکنینی تەندروستی گشتی دەرچووبێت.
9. دەبێت قوتابی/ خوێندکار لە چاوپێکەوتنی کەسێتی و تاقیکردنەوەی جەستەیی (اللياقه البدنيه) و (تەکنیکی کارامەیی، مهاری) دا دەربچێت.
10. قوتابی / خوێندکار پێویستە جل و بەرگی تایبەتی وەرزش لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ چاوپێکەوتنی کەسێتی و ئەو ڕۆژانەی تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدات.
11. دەبێت قوتابی/ خوێندکار لە کاتی پشکنینی تەندروستیدا کە ئەنجامی دەدات هەموو دیکومێنتەکان وەک پشکنینی دڵ، سۆنەری هەناو، پشکنینی گورچیلە، پشکنینی کۆئەندامی هەناسە، پشکنینی پێست، (پشکنینەکانی خوێن) گروپی خوێن و ڕێژەیی هیمۆگلۆبین و چەوری و شەکرە بێنێت.
12. پێویستە پێشکەشکار لە نیوەی نمرەی سەرجەم تاقیکردنەوەکان زیاتر بە دەست بهێنێت.
13. دەبێت پێشکەشکار هاوڵاتی ڕەسەنی کوردستان بێت.

## ب / پاڵەوانان

1. یاریزانانی هەڵبژاردەکانی کوردستان و عێراق وەکو پاڵەوان ئەژمار دەکرێن بە مەرجێک سێ ساڵ تێپەڕنەبووبێت بەسەر پاڵەوانیەکەیدا تا بەرواری پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن.
2. پلەی یەکەم تا سێیەمی بەدەست هێنابێت لەسەر ئاستی عێراق، بۆ یاری تاک وکۆمەڵەکان بە مەرجێک سێ ساڵ تێنەپەڕبووبێت بەسەر پاڵەوانیەکەیدا تا بەرواری پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن.
3. پلەی یەکەم تا سێیەمی بەدەست هێنابێت لەسەر ئاستی هەرێم بۆ یاری تاک وکۆمەڵەکان بە مەرجێک سێ ساڵ تێنەپەڕیبێت بەسەر پاڵەوانیەکەیدا تا بەرواری پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن

4. پلەی یەکەمی بەدەست هێنابێت لەسەر ئاستی پەروەردەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆییەکانی هەرێم بۆ یاری تاک وکۆمەڵەکان بە مەرجێک سێ ساڵ تێنەپڕیبێت بەسەر پاڵەوانیەکەیدا تا بەرواری پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن.
5. پاڵێوراو دەبێت دەرچووی خوێندنگەکانی سنووری هەرێمی کوردستان بێت یان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بێت ،بە مەرجێک تاقی کردنەوەکانی بە پێی سیستمی هەرێمی کوردستان ئەنجام دابێت.
6. کۆنمرەی سەرووی (50%) بێت وتەمەنی لە (30) ساڵ زیاتر نەبێت، وە ئەگەر تەمەنی پاڵەوان لە نێوان (30-35)ساڵ بێت بە شێوازی خوێندنی پارالێل مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.
7. دەرچووی هەمان ساڵ، یا ساڵی پێشتری خوێندن بێت ، بە مەرجێک لە هیچ زانکۆ و پەیمانگەیەک (حکومی و ئەهلی- تایبەت) وەرنەگیرابێت و بەڵێننامەی پێ پڕ بکرێتەوە.
8. دەرچووان بە پێی ژمارەی داواکراو لە پلانی زانکۆکان وە بە پێی کێبڕکێ لەسەربنەمای کۆنمرە وەردەگیرێن.
9. پێشکەشکاران لە دەرچووانی خوێندنی پیشەیی دەبێت تێکرای نمرەیان لە ( 60%) کەمتر نەبێت.
10. لە کاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی ( 60 %)ی نمرە بۆ کۆنمرەکەی دەبێت و (40 %)ی نمرە لەسەر لێهاتوویی توانستی جەستەیی (اللياقة البدنية) پاڵێوراو دەبێت بە مەرجێک لە لێهاتویی توانستی دەرچووبێت.
11. پێویستە کەسی پێشکەشکار دۆکیومێنتی هەبێت کە لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە بە فەرمی پشتگیری لێکرابێت وەکو:
   ا. لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و عێراق.
   ب. نوێنەرایەتی لێژنەی ئۆلۆمپی پارێزگاکان.
   ج. بەڕێوبەرایەتی چالاکی وەرزشی پەروەردە.
12. وەرگرتنی پاڵەوانان بە پێی پلانی وەرگرتنی کۆلێژ وسکول و بەشەکان دەبێت ، بە مە رجێک ڕێژەی 15% تێپەڕ نەکات.
13. پاڵەوانان تاقیکردنەوە لە پسپۆری تایبەتی خۆیاندا ئەنجام دەدەن.
14. لێژنەیەکی ناوەندی پێکبهێنرێت لەسەر ئاستی زانکۆکان و بەشەکانی هاوشێوە لە سنووری پارێزگاکاندا بە مەبەستی ئەنجام دانی چاوپێکەوتن لەگەڵ پاڵەواناندا.

15. بۆ ساڵی خوێندنی (2016-2017) پێشکەش کردن و تاقیکردنەوەی لێهاتوویی لە یەک کاتی دیاریکراودا لە سەرجەم زانکۆکانی هەرێم ئەنجام دەدرێت.

## نۆیەم: ڕێنماییەکانی خوێندن وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە زانکۆ پولیتەکنیکیەکانی هەرێم:

یەکێک لە مەبەستەکانی کردنەوەی زانکۆ پولیتەکنیکیەکان، ڕەخساندنی دەرفەتە بو قوتابیان و خوێندکاران بو ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەن بو بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریوس. دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکیەکان دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بو تەواوکردنی بڕوانامەی بەکالۆریوسی تەکنیکی لەو کولێژە تەکنیکیانەدا کە لەگەڵ پسپورییەکەیان دەگونجێت. ئەو دەرچووانەی پەیمانگە کە لە کۆلێژی تەکنیکی وەردەگیرێن لە (قۆناغی یەکەم دەوام دەکەن) .

هەر پسپۆرییەکی پەیمانگەکان لە کولێژی تەکنیکەکان نەبێت ئەوا هەمان ڕێنمایی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان/ خوێندکارانیان لەسەر جێبەجێدەکرێت.

### ڕێنماییەکانی وەرگرتن لە زانکۆ پولیتەکنیکەیان:

1.ڕێژەی (50%)یَ پلانی وەرگرتنی بەشە زانستیەکان بو دەرچووانی ئامادەیی دەبێت. ئەم قوتابی و خوێندکارانە لە ڕێگەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیانەوە لە قوناغی یەکەم وەردەگیرین.

2.ڕێژەی (50%) پلانی وەرگرتنی بە شە زانستیەکان بو دەرچووانی ئەمسالیَ خوێندن و سالاَنی پێشوو دەبێت بەمەرجێک ئەم پلانە دەرچووانی (یەکەم و دووەم وسیَ یەم )ێش لە خۆبگرێت.

### مەرجی وەرگرتنی ئەو دەرچووانە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت.

ا.تەنیا ئەو قوتابی / خوێندکارانەی تێکڕای نمرەیان لە (65%) زیاترە و تەمەنیان لە (40) ساڵ تێنەپەریوە (بەپێی ساڵنامەی تەقویمی) دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بو وەرگرتن لە کۆلێژە تەکنیکیەکان. (ئەوانەی دەمێننەوە (بەرێژەیەکی دیاریکراو) بە سیستەمی پارالیل و ئێواران مامەڵەیان لەگەل دەکرێت).

ب. پێشکەش کردن و وەرگرتن بو تەواوکردنی خوێندنی بەکالۆریوس ڕاستەوخو پاش دەرچوونی ئەنجامی کوتایی تاقیکردنەوەکان (خولی یەکەم) دەست پێدەکات و لە ڕێگەی

بەڕێوەبەرایەتی تۆماری زانکۆوە ئەنجام دەدرێت. بو ئەم مەبەستە فورمێکی تایبەت لە لایەن هەرسێ زانکۆ پولیتەکنیکیەکانەوە دابەش دەکرێت.

مەرج نیە هەر قوتابی/ خوێندکارێک کە داواکاری پێشکەش کرد وەربگیرێت لەبەرئەوەی وەرگرتن بە پێشبرکێ بەپێی پلانی بەشە زانستیەکان دەبێت. بو پڕکردنەوەی کورسیەکان بەپێی پلانی وەرگرتن،ڕیزبەندی نمرەی دەرچونی دبلۆم دەکرێت بە پێوەر بو دەستنیشانکردنی خوازیارە سەرکەوتووەکان و هیچ پێوەرێکی تر بەکارناهێنرێت.

ج. ئەوانەی وەردەگیرێن(دامەزراو بن یان نا) هەموو ڕێنمایەکانی قوتابیانیان لەسەر جێ بەجێ دەکرێت واتە( ڕێژەی ئامادەبون) وە وەزارتمان بەرپرس نیە بەرامبەر فەرمانگەکانیان بو پێدانی مۆلەت ودەوامکردن.

د. لە وەرگرتنی قوتابیان / خوێندکاراندا بو تەواوکردنی بەکالۆریوس سنوری جوگرافی ڕەچاو ناکرێت واتە وەرگرتن پابەند نابێت بە شار و پارێزگای تەواوکردنی دبلۆمەوە بەڵام ڕێنماییە گشتییەکانی خوێندن سەبارەت بە بەشی پارێزگا و دەرەوەی پارێزگا ڕەچاو دەکرێت، پلانی وەرگرتن بەپێی ڕێژەی دەرچووانی بەشە زانستیەکانی هەر پەیمانگەیەک دابەش دە کرێت.

3.ئەو قوتابیانەی/ خوێندکارانەی بە سیستەمی پولیتەکنیک وەردەگیرێن ناتوانن دابەزین و گواستنەوە ئەنجام بدەن.

## میکانیزمی پێشکەشکردن و وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکیەکان:

پێشکەشکردن ڕاستەوخو لە ڕێگەی تۆماری گشتی زانکۆوە دەبێت بەشێوەی پۆلیتەکنیک دەبێت.

کاتی پێشکەش کردن (2016/8/1 ) تا (2016/8/20) دەبێت.

ڕاگەیاندنی ناوەکان بە شێوەی بەرایی لە 2016/9/1 دەبێت.

ماوەی یەک هەفتە تەرخان دەکرێت بو گازاندە پێشکەش کردن واتە 2016/9/8.

لە 2016/9/15 ئەنجامی وەرگرتنەکە بو وەزارەت بەرزدەکرێتەوە.

2016/9/25 ئەنجامی کوتایی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی ڕادەگەیەنرێت.

**دەیەم : وەگرتنی دەرچووانی یەکەمەکانی کولێژ و پەیمانگە تەکنیکیەکان لە زانکۆکاندا**

(بەمەرجێک دەرچووی خولی یەکەم بن ).

ا.دەرچووی یەکەم لە کۆمەڵەی پزیشکی پەیمانگە تەکنیکیەکان لەسەر ئاستی پارێزگا لە کولێژی پزیشکی وەردەگیرێت.

ب.دەرچووی یەکەم لە بەشەکانی ددان لەسەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی پزیشکی ددان وەردەگیرێت.

ج.دەرچووی یەکەم لە بەشی دەرمانسازی پەیمانگە تەکنیکیەکان لەسەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی دەرمانسازی وەردەگیرێت.

د.دەرچووی یەکەم لە قۆناخی یەکەمی بەشی شیکاری نەخوشیەکان لە کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی لە سەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی پزیشکی وەردەگیرێت.

ه.دەرچووی یەکەم لە بەشی تەکنەلوژیای نەوت(کاربێکردن وکونترول) لەسەر ئاستی پارێزگا لە کۆلێژی ئەندازیاری/بەشی نەوت وەردەگیرن.

و.دەرچووی یەکەم لە بەشی ڕووپێوی لە سەر ئاستی پارێزگا لە کولێژی ئەندازیاری / بەشی ڕووپێووی وەردەگیرێت.

ز.دەرچووی یەکەم لە بەشی میکانیک لە سەر ئاستی پارێزگا لە کولێژی ئەندازیاری / بەشی میکانیک وەردەگیرێت.

ح.ئەوقوتابی / خوێندکارانەی خالەکانی (أ.ب.ج.د.ه.و.ز) دەیانگرێتەوە دەبێت تێکرِایی نمرەکانیان لە (80%) کەمتر نەبێت.

ط.دەرچووی یەکەم و دووەم و سێ یەم لە هەر بەشێکی لە پەیمانگە تەکنیکیەکان لە کولێژی هاوپسپوری (جگە لە کومەڵەی پزیشکی ) لە زانکوکاندا وەردەگیرێن. بە مەرجێک تێکرایی نمرەکانیان لە (75%) کەمتر نەبێت بەپێی خشتەی ژمارە (2).

ی. دەرچووی یەکەم و دووەم و سێ یەمی بەشی پەرستاری لە پەیمانگە تەکنیکیەکان لە کۆلێژی پەرستاری لە زانکۆکاندا وەردەگیرێن.بە مەرجێک تێکڕایی نمرەکانیان لە (80%) کەمتر نەبێت.

ک.دەرچووی یەکەم و دووەم و سێ یەم لە هەر بەشێکی پەیمانگە تەکنیکیەکان لە بەشی هاوتا لە کۆلێژە تەکنیکیەکان وەردەگیرێن ئەگەر پسپۆریەکەیان هەبێت لە هەر کۆلێژیکی تەکنیکی لە

هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم. بەپێی خشتەی ژمارە (3). بەلام ئەگەر پسپۆرییەکانیان نەبوو ئەوا لە کولێژی هاوتا بە پسپۆریەکان لە زانکۆکانی تر (جگە لەزانکۆ پولیتەکنیکیەکان) وەردەگیرێن بە مەرجێک دەر چووی خولی یەکەم بن و تێکڕای نمرەکانیان لە (75%) کەمتر نەبێت بە پێی خشتەی ژمارە (2).

خشتەی (2)

وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکیەکان لە زانکوکانی هەرێم (جگە لە زانکو پولیتەکنیکیەکان)

| ژ | بەشی تەکنیکی لە پەیمانگە | کولێژ(سکول)ی هاوتا لە زانکو | بەش هاوتا لەکولێژ(سکول)ەکانی زانکو |
| --- | --- | --- | --- |
| 1. | ددانسازی | زانست | بایۆلوجی |
| 2. | دەرمانسازی | زانست | کیمیا |
| 3. | سرکردن | زانست | کیمیا |
| 4. | تیشک | زانست | فیزیا |
| 5. | چارەسەری سروشتی | زانست | فیزیا |
| 6. | پشکنینی چاو | زانست | فیزیا |
| 7. | ئامیرە تاقیگە پزیشکیەکان | زانست | فیزیا |
| 8. | تەکنەلوجیای نەوت (کارپێکردن وکونترول) | زانست | جیولوجی |
| 9. | کارەبا | ئەندازیاری | کارەبا |
| 10. | میکانیک | ئەندازیاری | میکانیک |
| 11. | ڕووپێوی | ئەندازیاری | ڕووپێوی |
| 12. | کارگێری یاسا | یاسا و رامیاری | یاسا |
| 13. | کارگێری سیاسی | یاسا | زانستە رامیارییەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 14. | ئامار وزانیاری ، ئامار | کارگێری و ئابووری | ئامار |
| 15. | کتێبخانە، گشتگیری جوری،کارگێری نەخوشخانە | کارگێری و ئابووری | کارگێری |
| 16. | گەشت و گوزار، ریبەری گەشتیاری ،کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری | کارگێری و ئابووری | گەشتیاری |
| 17. | کارگێری بانکی | کارگێری و ئابووری | زانستی دارایی وبانک |
| 18. | سامانی ئاژەل | کشتوکال | سامانی ئاژەل |
| 19. | رەزگەری | کشتوکال | رەزگەری،باخداری،بیستانکاری |
| 20. | رێنمایی کشتوکالی | کشتوکال | رێنمایی کشتوکالی |
| 21. | دروستی ئاژەلی (شەقلاوە) + کەلار | پزیشکی ڤیتێرنەری | ڤیتێرنەری |

## خشتەی (3

| بەشی زانستی لە پەیمانگە | کولێژی تەکنیکی | بەشی زانستی لە کولێژی تەکنیکی |
|---|---|---|
| ژمێریاری + کارگێری بانک | تەکنیکی کارگێری هەولێر<br>تەکنیکی کارگێری سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێری دهوک | تەکنیکی ژمێریاری و دارایی |
| راگەیاندن+ روزنامەڤانی+ روژنامەڤانی ئەلیکترونی | تەکنیکی کارگێری هەولێر<br>تەکنیکی کارگێری سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێری دهوک | تەکنیکی میدیا<br>روژنامەڤانی ئەلیکترونی |
| تەکنیکی بازارگەری +سەرچاوە | تەکنیکی کارگێری هەولێر | تەکنیکی کارگێری |

| | | |
|---|---|---|
| مروییەکان<br>کارگێری کوگا +کارگێری بازارگەی<br>کارگێری کار+کارگێری کەرەستە +کارگێری نووسینگە + گشتگیری جوری | تەکنیکی کارگێری سلێمانی | |
| داتابەیس | تەکنیکی ئینفورماتیکی سلێمانی | تەکنولوجیای داتابەیس |
| نیتوورک(NetWork) | تەکنیکی ئینفورماتیکی سلێمانی | بەرێوەبردنی تور |
| تەکولوجیای زانیاری<br>سیستەمی زانیاریە کارگێرییەکان<br>سیستەمی کومپیوتەر<br>پاراستنی زانیاری | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئینفورماتیکی سلێمانی<br>تەکنیکی کارگێری دهوک<br>تەکنیکی ئاکرێ | تەکنولوجیای زانیاری |
| میکانیک +سارکردن و هەواسازی | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی<br>تەکنیکی ئەندازیاری دهوک | میکانیک و ووزە،بەرهەم هێنان و کانزاکان، ووزە |
| بیناکاری + بیناسازی + رووپێووی + رێگا وبان + دروست کردنی رێگا | تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر<br>تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی<br>تەکنیکی ئەندازیاری دهوک | ئەندازیاری شارستانی/هەولیر<br>ت. ئەندازیاری رێگاوبان/ هەولیر<br>ریگا وبان/ دهوک |
| وێنەی ئەندازیاری +رووپێووی | تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی | پلانسازی شار/ سلیمانی |
| گەیاندن + کارەبا + ئەلیکترون | تەکنیکی ئەندازیاری سلێمانی | گەیاندن |
| پەلی دەستکرد + تەندورستی کومەل +پەرستاری +نەخوشەڤانی+ئافرەتان ولەدایکبوون +ژنان ومنال بوون +چارەسەری سروشتی +پاراستنێ | تەکنیکی تەندورستی هەولێر<br>تەکنیکی تەندورستی سلێمانی | چارەسەری سروشتی<br>تەندورستی و کومەل |

| | | |
|---|---|---|
| تەندورستی ددان | تەکنیکی تەندورستی شێخان | |
| شیکاری نەخوشیەکان + دەرمانسازی | تەکنیکی تەندورستی هەولێر<br>تەکنیکی تەندورستی سلێمانی<br>تەکنیکی تەندورستی شێخان | شیکاری نەخوشیەکان |
| شیکاری کیمیایی + نەوت | تەکنیکی ئەندازیاری دهوک | پتروکیمیاویات |
| پاراستنی رووەک +ڕێنمایی کشتوکالی +کشتوکال داپوشراو+رووەکە جوانەکان +رەزگەری | ت. زانستە پراکتیکیەکان /هەڵەبجە<br>تەکنیکی ئاکرێ | بەرووبوومی رووەکی<br>رەزگەری |
| بەرووبومی پیشەسازی | تەکنیکی زانستە پراکتیکیەکان / هەڵەبجە | پیشەسازی خوراک |
| دروستی ئاژەڵ + سامانی ئاژەل | تەکنیکی زانستە پراکتیکیەکان / هەڵەبجە | سامانی ئاژەل |

## وەرگرتنی دەرچووانی پەیمانگە تەکنیکیەکان لە زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان

## خشتەی(4)

### گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە کۆلێژی کۆنمرە کەمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان بۆ بەشە هاوتاکانیان بەپێ ی برگەی یەکەمی گواستنەوە و دابەزین

| ژ | بەش لە کۆلێژەکانی زانکۆ | بەشی هاوتا لە کۆلێژەکانی زانکۆ |
|---|---|---|
| .1 | **کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری** | **کۆلێژی پزیشکی** |
| .2 | **کۆلێژی زانست/ بەشی زیندەوەرزانی** | **کۆلێژی پزیشکی** |
| .3 | **کۆلێژ/ فاکەڵتی زانستە تەندروستیەکان/ مایکرۆبایۆلۆجی پزیشکی** | **کۆلێژی پزیشکی** |
| .4 | **سکوڵی تەندروستی/ میدیکەل مایکرۆبایۆلۆجی پزیشکی** | **کۆلێژی پزیشکی** |
| .5 | **کۆلێژی زانستە تەندروستیەکان/زانستی لابوری پزیشکی** | **کۆلێژی پزیشکی** |

| | | |
|---|---|---|
| .6 | كۆلێژ/ فاكەڵتی زانست/ بەشی كیمیا | كۆلێژی دەرمانسازی |
| .7 | كۆلێژی زانستە تەندروستیەكان/ كیمیای ژیانی كلینیكی | كۆلێژی دەرمانسازی |
| .8 | كۆلێژی زانستە تەندروستیەكان/ زانستی سڕكردن | كۆلێژی دەرمانسازی |
| .9 | كۆلێژی كشتوكاڵ | كۆلێژی پزیشكی ڤێتێرنەری |
| .10 | كۆلێژی زانست/ بەشی فیزیك | كۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی كارەبا |
| .11 | كۆلێژی زانست/ بەشی ماتماتیك | كۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی شارستانی |
| .12 | كۆلێژی زانست/ بەشی كۆمپیوتەر | كۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی پرۆگرامسازی |
| .13 | كۆلێژی زانست/ بەشی جیۆلۆجی | كۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی جیۆتەكنیك |
| .14 | سكوڵی زانست/ پترۆلیۆم جیۆساینزی نەوت Petroleum Geo Science | كۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی نەوت |
| .15 | كۆلێژە/فاكەڵتیەكانی ئەدەبیات،زانستە مرۆڤایەتیەكان،زانستە كۆمەڵایەتیەكان بەشەكانی(مێژوو،جوگرافیا،كۆمەڵناسی،شوێنەوار، فەلسەفە) | كۆلێژی یاساو رامیاری/ بەشی یاسا |
| .16 | بەشی راگەیاندن لە زانكۆكان | كۆلێژی یاساو رامیاری/ بەشی رامیاری |
| .17 | كۆلێژی كارگێڕی و ئابووری/ بەشی ئامار | كۆلێژی زانست/ بەشی ماتماتیك |
| .18 | كۆلێژی كارگێڕی و ئابووری( جگە لە بەشی ئامار) | كۆلێژی یاساو رامیاری/ بەشی یاسا |

## پانزەیەم: ڕێنمایی وەرگرتنی( ڕاستەوخۆی زانکۆیی) لە زانکۆ و پەیمانگا حکومیەکانی هەرێمی کوردستان

یەکەم/ پلانی وەرگرتن:

وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە لەلایەن زانکۆ، کۆلێژ، فاکەڵتی پەیمانگە، سکوڵ، بەش، ئامادە و جێ بەجێ دەکرێت بە ڕەچاوکردنی میکانیزمی پلان لە ساڵانی ڕابردودا بەپێ ی قۆناغەکانی پرۆسەی ئامادەکردنی پلانی خوێندن لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان دوای پەسندکردنی لەلایەن وەزارەتەوە، وە لە پلانەکەدا ڕێژەیەک لە(20%)کەمتر نەبێت بۆ خوێندنی پاراڵێل تەرخان دەکریت، ئەم وەرگرتنە خوێندن لە کۆلێژەکانی کۆمەڵەی پزیشکی و ئەندازیاری و بەشی یاسا لەکۆلێژ/ فاکەڵتی یاسا ناگرێتەوە.

دووەم/ مەرجی پێشکەش کردن و پێشبرکێ:

1- کەمترین نمرەی پێشبرکێ ی وانەی پسپۆری (دروس المفاضلة) لە پلانەکەدا لەلایەن بەشی زانستی دیاری دەکرێت بەپێ یپسپۆری و تایبەتمەندی خۆی. بەشێوازێکی یەکخراو لە زانکۆکاندا.

2- دەرچوانی ئامادەیی یەکانی هەرێمی کوردستان (لقی زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندنی(2016 -2015) دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن، بۆ پێشبرکێ لە دەرچوانی خولی یەکەم و دووەمدا، بەمەرجێ کۆنمرەی ئامادەییان لە (60%)کەمتر نەبێت و تەمەنیان لە (30) ساڵ زیاتر نەبێت.

3-دەرچوانی ئامادەیی یەکانی (لقی زانستی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندن(2014 – 2015) کە لە هیچ زانکۆیەکی حکومی و تایبەت وەرنەگیراون مافی پێش کەش کردنیان دەبێت، بۆ پێشبرکێ بەمەرجێ کۆنمرەی ئامادەییان لە (60%) کەمتر نەبێت و تەمەنیان لە (30)ساڵ زیاتر نەبێت.

4-دەرچوانی ئامادەیی یە پیشەییەکان دەتوانن بچنە پێشبرکێ بۆ ئەو بەشانەی کەمافی پێشکەش کردنیان هەیە، بەپێ ی ڕێنمایی هاتوو لە ڕێبەری قوتابیان/خوێندکاران. بۆ دەرچوانی ئامادەیی پیشەیی، ساڵی خوێندنی( 2015-2016)، بەمەرجێک کۆنمرەیان لە (60%) کەمتر نەبێت و تەمەنیان لە (30)ساڵ زیاتر نەبێت.

5-بەمەبەستی هاندانی داواکاری خوێندنی ڕاستەوخۆی زانکۆیی لە وولاتانی دەرەوە بۆ دەرچوانی ئامادەیی یەکانی وولاتەکانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان و بیانی و نێودەوڵەتی دەکرێ ڕێژەیەک لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن دیاری بکرێت بۆ وەرگرتنیان بە سیستەمی پارالیل، لەگەڵ چاوپۆشی کردن لەهەندێ مەرج، وەکو تەمەن و ساڵی دەرچوون و کۆنمرە.

6-داواکار تەنها مافی پێشکەش کردنی بۆ یەک زانکۆ چڕ دەکاتەوە وەلەلایەن زانکۆوە تەنها بۆیەک بەشی شایستە بوون کاندید دەکریت.

7-جگە لەوانەی کە لە خاڵی( 2 ، 3، 4 ) هاتووە پێشبرکێ لەسەر ڕێژەی پاراڵیل دەکەن، بۆ دەرچوانی سالانی پێشووی ئامادەیی یەکانی هەرێم و عیراق، بە رەچاوکردنی ڕینماییەکانی پاڕالیل لە نمرەو تەمەندا، وەنمرەی کاندیدکردنی وەرگرتنی راستەوخۆ لەو بەشانە دەبێتە بنەما بۆ پشبرکێ ی ڕێژەی پارالیل ، بە چاو پۆشی لە ساڵی دەرچوون، وە لەلایەن لێژنەیەکی تایبەت، بۆ هەر بەشێک کرێی خوێندن دیاری دەکرێت.

8- پێشکەش کردن ڕاستەوخۆ لە تۆماری کۆلێژ/ فاکەلتی/ پەیمانگای زانکۆی پەیوەندیدار دەبێت.

9- فۆرمێک لەلایەن ناوەندی وەرگرتن ئامادە دەکرێت بە هەماهەنگی لە گەڵ زانکۆکاندا بە شێوازێکی یەکخراو، وە سوود لە زانیاریەکانی زانکۆلاین وە وەردەگیرێت.

سێ یەم/ پێشکەش کردن و چاوپێکەوتن:

1- زانکۆکان کاردەکەن بۆ ئامادەکردنی پلانی خۆیان بەم سیستەمە، وە دوایین کات ڕۆژی (2016/7/21 ) دەبێت بۆ ناردنی پلانەکانیان بۆ وەزارەت.

2-پێشکەش کردن لە (24/7/2016) تاکو (24/8/2016 )راستەوخۆ لە تۆماری کۆلێژ ، فاکەڵتی پەیمانگەدەبێت.

3 –لێژنەی زانستی بەش هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاقیکرنەوەو چاوپیکەوتن بە سەرپەرشتی ئەنجومەنی کۆلێژ، فاکەڵتی، پەیمانگە، یا لیژنەی زانستی کۆلێژ بە میکانزمێکی عەدالەت ئامێزو زانستی.

4-چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە لە (2016/8/28) تاکو (2016/9/1)بە شێوازی (نووسین ، زارەکی) لەلایەن لیژنەی زانستی بەشەوە ئەنجام  دەدرێت وەلەلایەن لیژنەی زانستی کۆلیژ / فاکەلتی،پەیمانگە،سەرپەرشتی دەکرێت، وە باشتر وایە ئەندامێکی پسپۆری لیژنەکە  یا زیاتر لە دەرەوەی زانکۆکە بێت و سوود لە ئەزموونی ئەو بەشە زانستیانە وەردەگیرێت کە پێشتر ئەم سیستەمەیان پەیرەو کردووە وەکو (پەروەردەی وەرزش) ، وە رێژەی ( 40% ) نمرەی پێشبرکێ لەسەر ئەو تاقیکردنەوە دەبێت وەرێژەی ( 60% ) لەسەر تیکرای نمرەی ئامادەیی دەبێت، وە چاوپێکەوتن تەنها بۆ شیاوی قوتابی خوێندکار دەبێت وهیچ خاڵی بۆ تەرخان ناکرێت.

5- بۆ ئەو پسپۆریانەی کە لێهاتوویی و کارامەیی و زانستی و هونەری و تەکنیکی پێویستی بە دۆکومێنتی فەرمی هەیە ڕێژەی (10%) نمرەکانی تاقی کردنەوەکە لەسەرئەو لێهاتوویی یە دادەنرێت بە پێ ی گرنگی دۆکومێنتەکە .

## چوارەم/ راگەیاندنی وەرگرتن و مافی زانکۆلاین

١-ناوەکان بە شێوازی بەرایی لە ( 2016/9/18)  لەلایەن زانکۆوە ڕادەگەیەنرێت.

٢-ماوەی هەفتەیەک لە(2016/9/18) تاکو(2016/9/25)بۆ گازاندە پێشکەشکردن تەرخاندەکریت.

٣-لیژنەی گازندە لە خەلکی شارەزا لە ئەزموونەکان پێش وەخت لەلایەن کۆلێژ/پەیمانگە فاکەلتی پێکدەهێنرێت، لەماوەی هەفتەیەکدا پێداچوونەوە و ووردبینی لە گازاندەکان ئەنجام دەدات.

٤-دوای تەواو بوونی گازندەکان لەلایەن تۆماری گشی زانکۆ تا (2016/9/28) کاندیدەکانی کۆتایی بۆ وەزارەت/ بەرێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن دەنێردرێت بۆ ووردبینی کردن و پەسندکردنی و دەرکردنی فەرمانی وەرگرتنی کۆتایی.

٥- ئەو قوتابی / خویندکارەی وەرگیرا بەم سیستەمە مافی پێشکەش کردنی لە رێگەی (زانکۆ لاین) نامینێت .

پێنجەم /گواستنەوە و دابەزین:

1-دابەزین لەم بەشانە تەنها بۆ بەشی هاوشێوە لە زانکۆکانی تر دەبێت، یا بەپێ ی کۆنمرەی لە سالّی دەرچوونیدا بەمەرجێک بەشی ناوخۆیی بۆ دابین ناکرێت.

2-قوتابی/خویندکار دەتوانێت زیاتر لە بژاردەیەکی هەبێت بۆ هەمان ئەو بەشەی کە تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدات لە زانکۆیەکی تری هەرێم ئەگەر لەدەرەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی بێت وبەشی ناوخۆی بۆ دابین ناکرێت.

3-دابەزین لە بەشەکانی (وەرگرتنی راستەوخۆیی زانکۆیی) بۆهەمان بەش لە زانکۆیەکی تر کە بەزانکۆلاین وەردەگیرێت رەچاوی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراوی زانکۆ لاین دەکرێت.

4- دابەزین لەبەشەکانی (پەیمانگەکان) کە بەوەرگرتنی راستەوخۆیی زانکۆیی قوتابی وەردەگرن بۆ هەمان بەشی پەیمانگا کە بە زانکۆلاین وەردەگیرێت رەچاوی سنووری جوگرافی دەکرێت.

# ناوی کۆلێژو/ فاکەڵتی وەرگرتنی راستەوخۆی زانکۆی

| ز | زانکۆ+پەیمانگە | کۆلێژ/فاکەلتی | سکول | بەش |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سەلاحەددین | پەروەردە | | کیمیا |
| 2 | سەلاحەددین | پەروەردە | | زیندەوەرزانی |
| 3 | سەلاحەددین | پەروەردە | | فیزیک |
| 4 | سەلاحەددین | پەروەردە | | ماتماتیک |
| 5 | سەلاحەددین | پەروەردە | | پەروەردەیی ریێنمایی و دەروونی |
| 6 | سەلاحەددین | پەروەردە | | پەروەردەی تایبەت |
| 7 | سەلاحەددین | پەروەردە/شەقلاوە | | زمانی کوردی |
| 8 | سەلاحەددین | پەروەردە/شەقلاوە | | زمانی عەرەبی |
| 9 | سەلاحەددین | پەروەردە/مەخمور | | زمانی کوردی |
| 10 | سەلاحەددین | پەروەردە/مەخمور | | زمانی عەرەبی |
| 11 | سەلاحەددین | پەروەردە | | زمانی کوردی |
| 12 | سەلاحەددین | پەروەردە | | زمانی عەرەبی |
| 13 | سەلاحەددین | پەروەردە | | زمانی ئینگلیزی |
| 14 | سەلاحەددین | پەروەردە | | زمانی سریانی |
| 15 | سەلاحەددین | هونەرە جوانەکان | | شێوەکاری |
| 16 | سەلاحەددین | هونەرە جوانەکان | | موسیقا |
| 17 | سەلاحەددین | هونەرە جوانەکان | | سینەما |
| 18 | سەلاحەددین | ئەدەبیات | | راگەیاندن |
| 19 | سەلاحەددین | پەروەردەی وەرزشی | | وەرزش |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 20 | سەلاحەددین | زانستە ئیسلامییەکان | | شەریعە |
| 21 | سەلاحەددین | زانستە ئیسلامییەکان | | خوێندنی ئیسلامی |
| 22 | سەلاحەددین | زانستە ئیسلامییەکان | | ئامادە کردنی پێش نوێژو گوتاری ئایینی |
| 23 | سەلاحەددین | پەروەردەی بنەڕەتی | | زمانی ئینگلیزی |
| 24 | سەلاحەددین | پەروەردەی بنەڕەتی | | زانستی گشتی |
| 25 | سەلاحەددین | پەروەردەی بنەڕەتی | | زمانی کوردی |
| 26 | سەلاحەددین | پەروەردەی بنەڕەتی | | زانستی کۆمەلایەتی |
| 27 | سەلاحەددین | پەروەردەی بنەڕەتی | | باخچەی ساوایان |
| 28 | سەلاحەددین | پەروەردەی بنەڕەتی | | ماتماتیک |
| 29 | سلێمانی | هونەرە جوانەکان | | میوزیک |
| 30 | سلێمانی | هونەرە جوانەکان | | شێوەکاری |
| 31 | سلێمانی | هونەرە جوانەکان | | فلمسازی |
| 32 | سلێمانی | کۆلێژی بازرگانی بەیانیان | | گەشت و گوزار |
| 33 | سلێمانی | پەروەردەی بنەرەتی | | زانستی کۆمەلاتییەکان |
| 34 | سلێمانی | پەروەردەی بنەرەتی | | ئینگلیزی |
| 35 | سلێمانی | پەروەردەی بنەرەتی | | زانستە بیرکارییەکان |
| 36 | سلێمانی | پەروەردەی بنەرەتی | | زانستی کۆمپیوتەر |
| 37 | سلێمانی | پەروەردەی بنەرەتی | | باخچەی ساوایان |
| 38 | سلێمانی | پەروەردەی بنەرەتی | | پەروەردەی هونەری |
| 39 | سلێمانی | پەروەردەی بنەرەتی | | کوردی |
| 40 | سلێمانی | پەروەردەی بنەرەتی | | پەروەردەی تایبەت |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 41 | سلێمانی | پەروەردەی وەرزش | | پەروەردەی وەرزش |
| 42 | سلێمانی | پەروەردەی وەرزش | | پەروەردەی وەرزشی بنەرەتی |
| 43 | سلێمانی | زانستە ئیسلامیەکان | | خوێندنی ئیسلامی |
| 44 | سلێمانی | زانستە ئیسلامیەکان | | الفقه و اوصوله |
| 45 | سلێمانی | زانستە ئیسلامیەکان | | بنەماکانی ئایین |
| 46 | سلێمانی | زانستە ئیسلامیەکان | | پێش نوێژو گوتاری ئایینی |
| 47 | سلێمانی | پەروەردەو زانستە مرۆییەکان/سەید صادق | | مێژوو |
| 48 | سلێمانی | یاسا ورامیاری | | زانستە رامیاری‌یەکان |
| 49 | سلێمانی | یاسا ورامیاری | | سیاسەت و پ.نێودەوڵەتیەکان |
| 50 | سلێمانی | زانستە مرۆڤایەتیەکان | | راگەیاندن |
| 51 | سلێمانی | پەروەردە | | بایۆلۆجی |
| 52 | سلێمانی | پەروەردە | | کیمیا |
| 53 | سلێمانی | پەروەردە | | فیزیک |
| 54 | سلێمانی | پەروەردە | | ماتماتیک |
| 55 | دهۆک | پەروەردەی وەرزش | | وەرزش |
| 56 | دهۆک | زانستی مرۆڤایەتی | | کۆمەلناسی |
| 57 | دهۆک | زانستی مرۆڤایەتی | | دراما |
| 58 | دهۆک | زانستی مرۆڤایەتی | | شێوەکاری |
| 59 | دهۆک | زانستی مرۆڤایەتی | | سیاستە گشتی |
| 60 | دهۆک | زانستی مرۆڤایەتی | | خوێندنی ئاشتی و ماف مرۆڤ |
| 61 | دهۆک | زانستی مرۆڤایەتی | | خوێندنی ئیسلامی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پەروەردەی ئیسلامی | | پەروەردە –ئاکری | دهۆک | 62 |
| وەرزش | | پەروەردە | کۆیە | 63 |
| زمانی عەرەبی | | پەروەردە | کۆیە | 64 |
| زمانی کوردی | | پەروەردە | کۆیە | 65 |
| مێژوو | | پەروەردە | کۆیە | 66 |
| جوگرافیا | | پەروەردە | کۆیە | 67 |
| پەروەردەی ئاینی | | پەروەردە | کۆیە | 68 |
| ئینگلیزی | | پەروەردە | کۆیە | 69 |
| پەروەردە و دەرونزانی | | پەروەردە | کۆیە | 70 |
| دەروونناسی | | ئاداب | سۆران | 71 |
| کۆمەڵناسی | | ئاداب | سۆران | 72 |
| وەرزش | وەرزش | پەروەردە | سۆران | 73 |
| پەیوەندییە نیودەوڵەتیەکان | | یاسا | سۆران | 74 |
| خوێندنی ئیسلامی | | فاکەڵتی زانستی مرۆڤایەتی | زاخۆ | 75 |
| پەروەدەی وەرزش | | فاکەلتی پەروەردە | زاخۆ | 76 |
| دەروونناسی | | فاکەلتی پەروەردە | زاخۆ | 77 |
| زانستە وەرزشیەکان/خانقین | | پەروەردەی وەرزش | گەرمیان | 78 |
| وەرزش/کەلار | | پەروەردەی بنەرەتی | گەرمیان | 79 |
| باخچەی ساوایان | | پەروەردەی بنەرەتی | گەرمیان | 80 |
| فەلسەفە | | زانستە مرۆڤایەتییەکان | ڕاپەرین | 81 |
| عەرەبی | زمان | پەروەردە / قەڵادزی | ڕاپەرین | 82 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 83 | ڕاپەرین | پەروەردەی بنەڕەت | | زمانی عەرەبی |
| 84 | هەڵەبجە | پەروەردە و زانستە مرۆڤایەتییەکان | | زمانی ئینگلیزی |
| 85 | هەڵەبجە | پەروەردە و زانستە مرۆڤایەتییەکان | | پەروەردەی وەرزش بنەرەتی |
| 86 | هەڵەبجە | کۆلێژی پەروەدەی وەرزش | | پەروەردەی وەرزش |
| 87 | هەڵەبجە | پەروەردە و زانستە مرۆڤایەتییەکان | | بنەماکانی ئایین |
| 88 | چەرموو | پەروەردە | | کوردی |
| 89 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر | | تەکنیکی میدیا |
| 90 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پە.تەکنیکی کارگێری هەولێر | | ڕێبەری گەشتیاری |
| 91 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پە.تەکنیکی کارگێری هەولێر | | کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری |
| 92 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پە.تەکنیکی کارگێری هەولێر | | تەکنیکی وەرگیران |
| 93 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پە.تەکنیکی کارگێری هەولێر | | تەکنیکی راگەیاندن |
| 94 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پەیمانگەی تەکنیکی خەبات | | ڕەزگەری |
| 95 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پەیمانگەی تەکنیکی خەبات | | پاراستنی ڕووەک |
| 96 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پەیمانگەی تەکنیکی خەبات | | بەربوومی گێلکەیی |
| 97 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە | | کارگیری دەزگاکانی گەشتیاری |
| 98 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پەیمانگەی تەکنیکی شەقڵاوە | | دروستی ئاژەڵ ڤیتێرنەری |
| 99 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پەیمانگەی تەکنیکی شەقڵاوە | | سامانی ئاژەل |
| 100 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پەیمانگەی تەکنیکی شەقڵاوە | | ئامارو زانیاری |
| 101 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | پەیمانگەی تەکنیکی سۆران | | پەلی دەستکرد |
| 102 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک | کۆلێژی تەکنیکی کارگێری | | رۆژنامەوانی ئەلکترونی |
| 103 | زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک | پەیمانگەی تەکنیکی ئامێدی | | کارگێری گەشتیاری |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 104 | زانكۆی پۆلیتەكنیكی دهۆك | كۆلێژی تەكنیكی ئاكرێ | | تەكنیكی ڕەزگەری |
| 105 | زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی | كۆلێژی تەكنیكی كارگێری | | تەكنیكی میدیا |
| 106 | زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی | كۆلێژی تەكنیكی كارگێری | | پەیوەندییە گشتیەكان و بازارگەری |
| 107 | زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی | پەیمانگەی تەكنیكی سلیمانی | | تەكنیكی میدیا |

# فورمی پێشکەش کردنی زانکۆی راستەوخۆ








زانكۆلاین
Zankoline

سەركار دلاور عبداللە قادر

لاپەڕەی سەرەکی

زانیاری گشتی

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی تەواو: | سەركار دلاور عبداللە قادر | ژمارەی ئەزموونی: | 201009990207 |
| ئیمێل: | | ڕەگەز: | نێر |
| لق: | وێژەیی | ژمارەی پەیوەندی: | 0 |
| ساڵی لەدایك بوون: | 32906 | قوتابخانە/خوێندنگا: | دەرەکی هەولێر |

زانیاری نمرەکان

| | | | |
|---|---|---|---|
| زمانی کوردی: | 50 | مێژوو: | 1 |
| زمانی عەرەبی: | 68 | جوگرافیا : | 54 |
| زمانی ئینگلیزی: | 50 | ئابوری : | 50 |
| بیرکاری: | 92 | خول : | یەکەم |
| باری دەرچوون: | ساڵی (2) یان زیاتر | کۆنمرە دوای زیاد کردن: | 420 |
| کۆنمرە پێش زیادکردن: | 420 | | |

زانیاری سیستەمی نوێ نمرەکان-یەکە

| | | | |
|---|---|---|---|
| تێکرای نمرەی پۆلی ١٠: | 0 | تێکرای نمرەی پۆلی ١١: | 0 |
| تێکرای نمرەی پۆلی 12 سیستەمی نوێ ( ٨٠% یەکە): | 47.569 | تێکرای ن٨٠% پۆلی ١٢ + ٢٠% پۆلی ١٠،١١: | 47.569 |
| تێکرای نمرەی پۆلی ١٢ سیستەمی کۆن: | 60 | تێکرای نمرەی هەڵبژێردراو: | 60 |



زانكۆلاین
Zankoline

سەركار دلاور عبداللە قادر

دەرەنجامی دەرچوون

| کۆلێژ / بەش | ٦٠% نمرەی هەڵبژێردراو | ٤٠% دەرەنجامی دەرچوون | ١٠٠% دەرەنجامی کۆتایی | باری کۆتایی | |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی / زانکۆی چەرمۆ / فاکەڵتی زانستە کارکێری ڕامیاریەکان (چەمچەماڵ) / زمیریاری / | 36 | 39 | 75 | لە چاوەڕوانیدایە | ✔ |
| هەولێر / زانکۆی پۆلی تەکنیکی هەولێر / پەیمانگەی تەکنیکی خەبات / کارگێری یاسا / | 36 | 40 | 76 | لە چاوەڕوانیدایە | ✔ |

لە چاوەڕوانیدایە — لە چاوەڕوانیدایە
هەڵوەشاندراوە — پاشگەزبوونەوە لەلایەن قوتابی
لیستی سەرەکی — لیستی سەرەکی
پەسەندکراو — پەسەندکراو لەلایەن قوتابی
چەسپێندراو — چەسپاندنی وەرگرتنی قوتابی

MidyaTech

کۆنمرەی هەڵبژێردراو: 420

دەرەنجامی دەرچوون

| کۆلێژ / بەش | ٦٠% نمرەی هەڵبژردراو | ٤٠% دەرەنجامی دەرچوون | ١٠٠% دەرەنجامی کۆتایی | باری قوتابی | |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی / زانکۆی چەرمۆ / فاکەڵتی زانستە کارگێری ڕامیاریەکان (چەمچەماڵ) / زمێرباری / | 36 | 39 | 75 | لیستی سەرەتایی | ✔ |
| هەولێر / زانکۆی پۆلی تەکنیکی هەولێر / پەیمانگەی تەکنیکی خەبات / کارگێری یاسا / | 36 | 40 | 76 | لیستی سەرەتایی | ✔ |

لە چاوەڕوانیدایە — لە چاوەڕوانیدایە

هەڵوەشێندراوە — پاشگەزبوونەوە لەلایەن قوتابی

لیستی سەرەتایی — لیستی سەرەتایی

پەسەندکراو — پەسەندکراو لەلایەن قوتابی

چەسپێندراو — چەسپاندنی وەرگرتنی قوتابی

MidyaTech

کۆنمرەی هەڵبژێردراو: 420

دەرەنجامی دەرچوون

| کۆلێژ / بەش | ٦٠% نمرەی هەڵبژردراو | ٤٠% دەرەنجامی دەرچوون | ١٠٠% دەرەنجامی کۆتایی | باری قوتابی | |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی / زانکۆی چەرمۆ / فاکەڵتی زانستە کارگێری ڕامیاریەکان (چەمچەماڵ) / زمێرباری / | 36 | 39 | 75 | لیستی سەرەتایی | ✔ |
| هەولێر / زانکۆی پۆلی تەکنیکی هەولێر / پەیمانگەی تەکنیکی خەبات / کارگێری یاسا / | 36 | 40 | 76 | لیستی سەرەتایی | دڵنیابوون ✔ |

لە چاوەڕوانیدایە — لە چاوەڕوانیدایە

هەڵوەشێندراوە — پاشگەزبوونەوە لەلایەن قوتابی

لیستی سەرەتایی — لیستی سەرەتایی

پەسەندکراو — پەسەندکراو لەلایەن قوتابی

چەسپێندراو — چەسپاندنی وەرگرتنی قوتابی



زانكۆلاین
Zankoline
سەركار دلاور عبداللە قادر
لاپەڕەی سەرەکی
Modal
دڵنیای لە هەڵبژاردنەکەت
دڵنیابوون
هەڵوەشاندنەوە
زانیاری گشتی
ناوی تەواو:
201009990207
ئیمێل:
ڕەگەز:
نێر
لق:
وێژەیی
ژمارەی پەیوەندی:
0
ساڵی لە دایك بوون:
32906
قوتابخانە/خوێندنگا:
دەرەکی هەولێر
زانیاری نمرەکان
زمانی کوردی:
50
مێژوو:
1
زمانی عەرەبی:
68
جوگرافیا :
54
زمانی ئینگلیزی:
50
ئابوری :
50
بیرکاری:
92
خول :
یەکەم




زانكۆلاین
Zankoline
سەركار دلاور عبداللە قادر
دەرەنجامی دەرچوون
کۆلێژ / بەش
٦٠% نمرەی هەڵبژێردراو
٤٠% دەرەنجامی دەرچوون
١٠٠% دەرەنجامی کۆتایی
باری قوتابی
سلێمانی / زانكۆی چەرمو / فاکەڵتی زانستە کارکێری رامیاریەکان (چەمچەماڵ) / ژمێریاری /
36
39
75
پەسندکراو
هەولێر / زانکۆی پۆلی تەکنیکی هەولێر / پەیمانگەی تەکنیکی خەبات / کارگێری یاسا /
36
40
76
هەڵوەشێندراوە
لە چاوەڕوانیدایە
لە چاوەڕوانیدایە
هەڵوەشێندراوە
پاشگەزبوونەوە لەلایەن قوتابی
لیستی سەرەتایی
لیستی سەرەتایی
پەسندکراو
پەسەندکراو لەلایەن قوتابی
چەسپێندراو
چەسپاندنی وەرگرتنی قوتابی
MidyaTech



زانکۆلاین
Zankoline

سەرکار دلاور عبدالله قادر

دەرەنجامی دەرچوون

| کۆلێژ / بەش | ٦٠% نمرەی هەڵبژێردراو | ٤٠% دەرەنجامی دەرچوون | ١٠٠% دەرەنجامی کۆتایی | باری قۆتابی |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی / زانکۆی چەرمۆ / فاکەڵتی زانستە کارگێری رامیاریەکان (چەمچەماڵ) / ژمێریاری / | 36 | 39 | 75 | چەسپێندراو |
| هەولێر / زانکۆی پۆلی تەکنیکی هەولێر / پەیمانگەی تەکنیکی خەبات / کارگێری یاسا / | 36 | 40 | 76 | هەڵوەشێندراوە |

لە چاوەڕوانیدایە — لە چاوەڕوانیدایە

هەڵوەشێندراوە — پاشگەزبوونەوە لەلایەن قوتابی

لیستی سەرەتایی — لیستی سەرەتایی

پەسەندکراو — پەسەندکراو لەلایەن قوتابی

چەسپێندراو — چەسپاندنی وەرگرتنی قوتابی

MidyaTech

## دووانزەیەم : وەرگرتن لە خوێندنی ئێواران

1-پێشکەش کردن بۆ خوێندنی ئێواران ڕاستەوخۆ لە زانکۆکان دەبێت ودەستپێکی پێشکەش کردن لە سەرەتای هەفتەی سێیەمی مانگی ئەیلول دەبێت بۆ ماوەی مانگێک.

2-نمرەی پێشبرکێ بە کەمتر لە (٤٠) نمرەی وەرگیراو لە بەشەکانی زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥- ٢٠١٦) دەبێتە بنەما بۆ چوونە پێشبرکێی وەرگرتن وە بە هەمان شێوە لە ساڵانی ئاییندەدا کەمترین کۆنمرەی ساڵی پێشتر دەبێتە بنەما بۆ پێشبرکێ.

3-بۆ پلانی خوێندنی ئێواران ڕەچاوی بنەمای زانستی ئەو بەشە دەکرێت بە شێوازێک لەگەڵ پلانی بەیانیانی بەشەکە گونجاو بێت.

4-ڕەچاوی وانە پەیوەندیدارەکان ناکرێت (دروس المفاضله).

5-ڕەچاوی تەمەن و ساڵی دەرچوون ناکرێت تەنها مەرجی کۆنمرە دەبێتە بنەما.

6-سەبارەت بە کریی خوێندنی ئێواران لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە دەستنیشان دەکرێت بە پێی تێچووی بەشەکەو پێداویستیەکانی بەمەرجێک رێژەکە کەمتر نەبێت لە (٧٠%) ی نرخی خوێندنی بەش و کولێژی هاوشێوەی زانکۆ تایبەتەکان. .

7-دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگەکان بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن و لەسەر بنەمای کۆنمرەی ئامادەیی پێشبرکێ دەکەن.

8-گواستنەوە بۆ وەرگیراوان لە خوێندنی ئێواران بۆ بەشی هاوشێوەی بەیانیان ناکرێت لەبەر جیاوازی کۆنمرە.

## سیانزەیەم : وەرگرتن لە خوێندنی سیستەمی پاراڵێل

1-پێشکەش کردن بۆ خوێندنی پاراڵێل ڕاستەوخۆ لە زانکۆکان دەبێت ودەستپێکی پێشکەش کردن لە سەرەتای هەفتەی سێیەمی مانکی ئەیلول دەبێت بۆ ماوەی مانگێک.

2-ڕێژەی وەرگرتن (٢٠%) زیاتر نەبێت لە پلانی پێشنیارکراوی زانکۆکان.

3-کەمترین کۆنمرەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦) دەبێتە بنەما بۆ چوونە پێشبرکێی وەرگرتن وە بە هەمان شێوە لە ساڵانی ئاییندەدا کەمترین کۆنمرەی ساڵی پێشتر دەبێتە بنەما بۆ پێشبرکێ بەم شێوەیە ی خوارەوە :

-لە کۆلێژەکانی (پزیشکی، پزیشکی ددان، دەرمانسازی) ڕەچاوی (٢٥) نمرە کەمتر لە کۆنمرەی وەرگیراو دەکرێت .

- لە کۆلێژەکانی ئەندازیاری و یاسا ڕەچاوی ( ٣٠ ) نمرە کەمتر لە کۆنمرەی وەرگیراو دەکرێت.
- لە هەر بوارێکی تر ڕەچاوی ( ٤٠) نمرە کەمتر دەکرێت لە کۆنمرەی وەرگیراو دەکرێت.

4-کرێی خوێندنی پاراڵێل لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە دەستنیشان دەکرێت بە پێی تێچووی بەشەکەو پێداویستیەکانی .

5-پێنج ساڵ زیاتر بەسەر دەرچوونی قوتابی تێپەڕ نەبووبێت و تەمەنی لە ٤٠ ساڵ زیاتر نەبێت.

6-دەرچووی کۆلێژو پەیمانگەکانیش بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن و لەسەر بنەمای کۆنمرەی ئامادەیی پێشبرکێ دەکەن .

7-ڕەچاوی وانە پەیوەندیدارەکان دەکرێت (دروس المفاضله).

8-دابەزین وگواستنەوە بۆ وەرگیراوان بەم سیستەمە ناکرێت.

## چواردەیەم : تەرخانکردنی کورسی خوێندن بۆ ڕاگەیاندنکاران:

1. وەرگرتنی (6) پاڵێوراوی ڕاگەیاندن لەهەر بەشێکی ڕاگەیاندن لە زانکۆکان و زانکۆ پۆلیتەکنیەکاندا وە ئەو بەشانەی لقیان هەیە ئەم شەش کورسیە دابەش دەکرێت بەسەر لقەکاندا.
2. سەبارەت بە ئەوانەی پێشکەش دەکەن بۆ زانکۆکان، دەرچووی ئامادەیی و پەیمانگەی ڕاگەیاندن بن وە ئاماژە بکرێت بەدوا بڕوانامە.
3. یەك لەسەر سێ ی کورسیەکانی خوێندنی تەرخانکراو بەپێ ی پێشبرکێ بۆ دەرچوانی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگاکان دەبێت، بەمەرجێك تێکرای نمرەکانیان لە پەیمانگە لە 65٪ کەمتر نەبێت.
4. یەك لەسەر سێ ی کورسیەکانی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگە تەکنیکیەکان لە زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان بۆ دەرچوانی پیشەیی دەبێت.
5. تەمەنی پاڵێوراو نابێ لە (35) ساڵ زیاتر بێت، وە ئەگەر تەمەنی قوتابی لە نێوان (35-40) ساڵ بێت ئەوا بە خوێندنی پاراڵیل مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.
6. پاڵاوتن بۆ ئەم کورسیانە بە پێپێشبرکێ دەبێت، تاقی کردنەوەی لێهاتوویی ئەنجام دەدەن لەلایەن لێژنەی زانستی بەشەکانی ڕاگەیاندن بە ڕێژەی 60٪ لەسەر نمرەی ئامادەیی و ڕێژەی 40٪ بۆتاقی کردنەوەی لێهاتووی دەبێت بە هەردوو شێوازی نووسین و چاوپێکەوتن، بەمەرجێك لە تاقی کردنەوەکە دەربچێت. لەگەڵ پێشکەش کردنی هەموو ئەو دۆکیومێنت و بابەتە پەیوەندکارەکانی پەیوەندە بەهەموو چالاکی ڕاگەیاندن.
7. نابێت پاڵێوراو سێ ساڵ زیاتر لە ڕۆژی داواکردنی وەرگرتنی دا لە چالاکیەکانی دابڕاوبێت، وە دەبێت چالاکیەکانی بە دۆکیومێنت و پشتگیری دەزگاکان پێشکەش بکات.
8. نابێت پاڵێوراو دەرچووی هیچ کۆلێژ بێت وە یان ناوی سڕابێتەوە لە کۆلێژ و پەیمانگە.
9. دوای پاڵاوتن ناوەکان بە کۆنووسێك بەرزدەکرێتەوە لە ڕێگەی تۆماری گشتی زانکۆ بۆ وەزارەت بۆ پەسەند کردنی.

## پانزەیەم : قوتابی/خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت

أ- قوتابی/خوێندکاری نابینا کە مەرجەکانی وەرگرتنی هەبێت بۆی هەیە داواکاری وەرگرتن ڕاستەوخۆ پێشکەش بکات بە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن بۆ وەرگرتن لەیەکێک لە کۆلێژە مرۆڤایەتییەکان بە پێی فۆرمێکی تایبەت واتە لە ڕێگەی زانکۆلاین داواکاری پێشکەش ناکات .

ب- قوتابی/خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت ئەگەر لە کۆلیژێک یان پەیمانگەیەک وەرگیرا و جەستەی شیاو نەبوو بۆ ئەو جۆرە خوێندنە ئەوا بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن بۆی هەیە بیگوازێتەوە بۆ خوێندنێکی شیاوتر بەپێی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم.

## شانزەیەم: ڕەچاوکردنی سنوری جوگرافی

أ. (80%)ی کورسییەکان خوێندن لەو زانکۆیانەی کە لەهەر پارێزگایەک هەیە بۆ قوتابیان/خوێندکارانی دانیشتوی پارێزگاکە دەبێت و لە (20%)ی کورسیەکانیش بۆ کێبڕکێی گشت قوتابیان/خوێندکارانی هەرێم دەبێت، بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە ناوچەکانی گەرمیان و پارێزگای هەڵەبجە لە سەر پارێزگای سلێمانی دەبێت.

ب.(100%)ی کورسییەکانی خوێندن لەپەیمانگە تەکنیکییەکان بەپێی سنوری جوگرافی بۆ قوتابیانی/خوێندکارانی دانیشتوی پارێزگاکە دەبێت.

ج. وەرگرتنی دەرچووان لە تاکە بەشەکان (کۆلیژ بێت یان پەیمانگە) ڕێژەی (40%) وەرگرتن بۆ ئەو پارێزگایە دەبێت کە بەشەکەی تێدایەوە (60%)ی بۆ دەرچووانی هەرێم دەبێت وە هەروەها بۆ ئەو بەشانەی کە لە دوو پارێزگا هەن (70%)ی وەرگرتن بۆ دەرچووانی ئەو پارێزگایە وە (30%) بۆ پارێزگاکەی تر دەبێت.

## حەڤدەیەم: پەیوەندی کردن و نارەزایی

أ. ئەو قوتابی/خوێندکارەی ناوی لە هەر کۆلیژێک یان پەیمانگەیەک دەردەچێت پێویستە لە ماوەی (10)ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی وەرگرتن پەیوەندی بە شوێنەکەی خۆی بکات، بە

پێچەوانەوە هەڵوەشاندنەوەی پالاوتنی بۆ دەکرێت و تاکو ساڵی خوێندنی دواتر ناتوانێت پەیوەندی بکات و هەروەها ساڵی یەکەمی وەرگیرانی بە کەوتوو بۆ ئەژمار دەکرێت.

ب. هەر قوتابی/خوێندکارێک بەپێی ڕیزبەندی هەڵبژاردنەکانی خۆی لە کۆلیژێک یان پەیمانگەیەک وەردەگیرێت ئەوا بەهیچ شێوەیەک مافی ناڕەزایی نابێت و خۆیان بەرپرسیارن لە هەڵەی پڕکردنەوە .

ج. ئەو قوتابی/خوێندکارەی هەر نەگونجان یان هەڵەیەک لە ئەنجامی وەرگرتنیدا هەبوو پێویستە سەرەتا وەک هەر قوتابی/ خوێندکارێکی تر پەیوەندی بەو خوێندنە بکات کە ناوی تێیدا دەرچووە و پاشان لە ماوەی (10) ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی وەرگرتن فۆرمی ناڕەزایی لە مەڵبەندی ڕاوێژکاری پارێزگاکەی خۆی پڕبکاتەوە و دوا وەلامیان لێ وەربگرێت سەبارەت بە بەردەوام بوونی لەسەر خوێندنەکەی تاوەکو بەرەوڕووی هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەکی یاسایی نەبێتەوە کە ببێتە هۆی دابڕانی لە خوێندن و هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنەکەی.

## هەژدەیەم : گەڕانەوەی پالاوتن

ئەو قوتابی/خوێندکارەی کە لە ساڵی خوێندنی(2015-2016)پالێوراوبوو بۆ وەرگرتن لەزانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێم ئەگەر پەیوەندی نەکردبێت بە شوێنی وەرگرتنی لەبەر هەرهۆیەک بێت ئەوا بۆ ساڵی خوێندنی(2016-2017) مافی گەڕانەوەی هەیە بۆ هەمان شوێنی پێشووی وە ساڵی خوێندنی (2015-2016)ی بە کەوتوو بۆ ئەژمار بکرێت بەمەرجێک دانەمەزرابێت یا لە زانکۆیەکی تایبەت (ئەهلی) وەرنەگیرابێت.

## نۆزدەیەم : خۆتەرخانکردن بۆ خوێندن

أ. ئەو قوتابی/خوێندکارەی لە خوێندنی بەیانیان وەردەگیرێت دەرچووی هەر ئامادەییەک یان پەیمانگەیەک بێت پێویستە بە تەواوی خۆی بۆ خوێندنەکەی تەرخان بکات و بە هیچ شێوەیەک نابێت دابمەزرێت تاکو خوێندن تەواو دەکات، ئەم خاڵە خوێندنی ئێواران ناگرێتەوە.

ب. هەر قوتابی/خوێندکارێک کە لە خوێندنی بەیانیان وەردەگیرێت ئەگەر پێش وەرگیرانی دامەزرابێت بە هەر بڕوانامەیەک کە پێشتر بەدەستی هێناوە، ئەوا پێویستە بە تەواوی

خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندنەکەی و خۆی بەرپرسە لە چۆنیەتی وەرگرتنی موڵەتی خوێندن لە وەزارەتەکەی خۆی بە پێی یاسای خزمەتی شارستانی (قانون الخدمة المدنية)، وە ئەگەر وەزارەتەکەی مۆڵەتی پێویستی بۆ تەواو کردنی خوێندنەکەی پێ نەدا ئەوا ناوی دەسڕێتەوە و خوێندنەکەی هەڵدەوەشێتەوە.-

**بیستەم:**

جێبەجێ کردنی گشت ئەو ڕێنماییانە لە ئەستۆی لایەنە پەیوەندیدارەکانی زانکۆکان وفەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بە دواداچوون/بەڕێوبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن و لێژنەی زانکۆلاینە ، بۆ هەر خاڵ و بڕگەیەک بە پێی تایبەتمەندی خۆی.

**کۆتایی**

# بەندی دووەم

## مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن

# مەرجە تايبەتييەكانى وەرگرتن

| ز | بۆ وەرگرتن لە | تێكراى نمرەى پۆلى دوانزە | بەمەرجێك |
|---|---|---|---|
| أ | كۆلێژە پزیشكیەكان (پزیشكی ، پزیشكی ددان ، دەرمانسازی) | 85% كەمتر نەبێت | هەرسێ وانەى زیندەوەرزانى و كیمیا و فیزیك لە (240)كەمتر نەبێت لە خولى يەكەم يان دووەم. |
| ب | كولێژى پزيشكى ڤێترنەرى | | كۆنمرەى زیندەوەرزانى و كیمیا و فیزیك لە(210 )كەمتر نەبێت لە خولى يەكەم يان دووەم، وەرگرتنى دەرچووان لە كولێژى ڤێترنەرى كە لە زانكۆى سلێمانى و زانكۆى دهۆك هەيە رێژەى وەرگرتن (70%)بۆ پارێزگاييە وە (30%)بۆ پارێزگاكانى تر دەبێت. |
| ج | سكولى ئەندازيارى نەوت و كيمياوى (بەشەكانى نەوت ، پترول ، كيمياوى, پترو كيمياوى) | 80% كەمتر نەبێت | كۆنمرەى هەرسێ وانەى (كیمیا، ماتماتیك، فیزیك)ى لە (240) كەمتر نەبێت لە خولى يەكەم يان دووەم. |
| د | بەشەكانى ئەندازيارى لە زانكۆكان جگە لە بەشەكانى خالَى (ج) | 80% كەمتر نەبێت | كۆنمرەى هەردوو وانەى (ماتماتیك، فیزیك)ى لە (160) كەمتر نەبێت لە خولى يەكەم يان دووەم. بەشەكانى بيناسازى و تەلارسازى نابێت نەخۆشى رەنگبينى (عمى الالوان)ى هەبێت. |
| ە | بەشەكانى ئەندازيارى لە كۆلێژە تەكنيكييەكان | 80% كەمتر نەبێت | كۆنمرەى هەردوو وانەى (ماتماتیك، فیزیك)ى لە (160) كەمتر نەبێت لە خولى يەكەم يان دووەم. |
| و | بەشى تەكنيكى كارگێرى / كۆلێژى تەكنيكى هەولێر و سلێمانى | | دەرچووى لقى زانستى و وێژەيى بێت. |
| ز | بەشەكانى زمانى ئینگليزى /گشت كۆليژ و سكولى زانكۆكان . | | نمرەى وانەى زمانى ئینگليزى لە (64%) كەمتر نەبێت لە خولى يەكەم يان دووەم. |
| ح | بەشەكانى زمانى كوردى و عەرەبى / گشت كۆليژ و سكولى زانكۆكان | | زمانى كوردى بۆ بەشى كوردى و وانەى زمانى عەرەبى بۆ بەشى عەرەبى لە (60%) كەمتر نەبێت لە خولى يەكەم |

| ز | بۆ وەرگرتن لە | تێکرای نمرەی پۆلی دوانزە | بەمەرجێك |
|---|---|---|---|
| | | | یان دووەم. |
| ط | بەشی کاری کۆمەلایەتی/کۆلیژی ئەدەبیات/زانکۆی سەلاحەددین | | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت و نمرەی وانەی زمانی ئینگلیزی لە (64%) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم . |
| ی | کۆلیژەکانی پەرستاری لە هەر زانکۆیەک | | پێویستە چاوپێکەوتن لە کۆلیژەکە ئەنجام بدات پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی وەرگرتن، وە کورسیەکانی خوێندن لە کۆلیژەکانی پەرستاری لەهەر زانکۆیەک لە (25%) بۆ ڕەگەزی نێر و لە (75%) بۆ ڕەگەزی مێ دەبێت، جگە لە بەشی مامانی لە کولێژی پەرستاری لە زانکۆی هەولێری پزیشکی تەنها بۆ ڕەگەزی مێینەیە |
| ک | بەشی تەندروستی کۆمەڵ لە کۆلیژی تەکنیکی سلێمانی | دەرچوواني ئەم بەشە ناونيشاني خۆپاراستني تەندروستيان پي دەبەخشرێت. | مەرجە کۆنمرەی هەرسی وانەی (زیندەوەرزانی، کیمیا، فیزیک)ی لە (210) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| ل | کۆلێژی زانستە تەندروستیەکان بەشەکانی (کیمیای ژیانی کلینکی،مایکرۆبایلوجی پزیشکی)/زانکۆی هەولێری پزیشکی وکۆلیژی زانستی تەندروستی لە زانکۆی دهۆک، بەشی میدیکەل مایکرۆبایولۆجی،کلینیکەل سایکولۆجی لە زانکۆی کۆیە. | بۆ زانین دەرچوواني ئەم بەشانە نازناوي پزیشك وەرناگرن و ماوەي خوێندنیان چوار ساڵە | مەرجە کۆنمرەی هەرسی وانەی(زیندەوەرزانی، کیمیا، فیزیک)ی لە 210 کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| م | پلان دانان جهی /زانکۆی دهۆک | بۆ زانین دەرچوواني ئەم بەشە نازناوي ئەندازیاري پلان وەردەگرن لە خوێندن لە | وەرگرتن بۆ بەشی زانستیە وە دەبێت کۆنمرەی قوتابی 75% کەمتر نەبێت وە خوێندن لەم بەشە بەزمانی ئینگلیزیە ، قوتابی/خوێندکار سالی یەکەم کورسی یەکەم زمانی ئینگلیزی دەخوێنێت وە لە کورسی دووەم دەست بە خوێندنی زانستی دەکات دەبێت نمرەی وانەی زمانی ئینگلیزی لە پۆلی دوانزەی ئامادەیی 70% کەمتر نەبێت |

| ز | بۆ وەرگرتن لە | تێکرای نمرەی پۆلی دوانزە | بەمەرجێك |
|---|---|---|---|
| | | بەشە (5)پێنج ساڵە، وە بری تێچووی خوێندن (3000) $ سێ هەزار دۆلار بۆ هەر ساڵێکی خوێندن وە ساڵی پێنجەم بە خۆراییە بۆ قوتابی . | وە تەمەنی پیشکەشکار نابێت لە (30) زیاتر بێت. |
| ن | بەشەکانی (ئامار) و (ئاماروکۆمپیوتەر) و(ماتماتیک) لە زانکۆکانی هەرێم | | دەرچووی لقی زانستی بێت وە دەبێت کونمرەی وانەی ماتماتیک 64% کەمتر نەبێت . |
| س | بەشی کۆمەڵناسی /فاکەڵتی مرۆڤایەتی/زانکۆی دهۆک وە بەشی کۆمەڵناسی/فاکەلتی ئاداب لە زانکۆی سۆران | | نمرەی وانەی زمانی ئینگلیزی لە (64%) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم، قوتابی/خوێندکار ساڵی یەکەم لەم بەشانە تەنها زمانی ئینگلیزی دەخوێنێت و سێ ساڵەکەی تر پسپۆری کۆمەڵناسی دەخوێنێت کە لە (50 %)ی وانەکانی بە زمانی ئینگلیزی دەبێت. |
| ع | بەشی یاسای ئێواران /فا. زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتیەکان لە زانکۆی کۆیە | | خوێندن لەم بەشە بەپارەیە کە برەکەی لایەن ئەنجومەنی زانکۆ دیاری دەکریت . |
| ف | بەشی کارگێری نەوت و گاز و ووزە /کۆ.زانستە کارگێری ڕامیارییەکان/زانکۆی چەرموو | | قوتابی / خوێندکار دەبی دەرچووی لقی زانستی بێت وە نمرەی وانەی زمانی ئینگلیزی لە (70%) کەمتر نەبێت چونکە خوێندن لەم بەشە بە زمانی ئینگلیزی دەبێت |
| ص | بەشی کارگێری گشتی و ژمێریاری//کۆ.زانستە کارگێری ڕامیارییەکان/زانکۆی چەرموو | | ئەم دوو بەشە لە قەرەهەنجیر دەوام دەکەن . |

## وانە هاوپەیوەندیدارەکان:

ئەگەر هاتوو ژمارەی ئەو قوتابیانەی/خوێندکارانەی، کە کەمترین کۆنمرەکانیان یەکسانە، زیاتر بوو لەو ژمارەیەی بڕیارە وەربگیرێن لە بەشێکی دیاریکراودا، ئەوە ناوەکان بە پێی وانە هاوپەیوەندیدارەکان دەچنە خانەی پێشبڕکێوە، لەم خشتەیەی خوارەوەدا وانە هاوپەیوەندیدارەکان خراونەتە ڕوو:

| کۆلێژ یان پەیمانگە | وانە هاوپەیوەندارەکان |
|---|---|
| 1. کۆلێژی (سکولی) پزیشکی / پزیشکیددان / دەرمانسازی/پزیشکی ڤێترنەری/ پەرستاری / زانستە تەندروستیەکان / پسپۆری پزیشکی لە پەیمانگەکان | کیمیا / فیزیك / زیندەوەرزانی |
| 2. کۆلێژی (فاکەلتی) زانست/ کۆلێژی (سکولی) پەروەردە بە هەموو بەشە زانستیەکانەوە / کۆلێژی (سکولی) پەروەردەی بنەرەتی (بنیات) بە هەموو بەشە زانستیەکانەوە | کیمیا / زیندەوەرزانی / فیزیك / ماتماتیك |
| 3. کۆلێژی (سکولی) کشتوکاڵ / فاکەلتی چاندن و دارستان / پسپۆری کشتوکاڵ لە پەیمانگەکان | کیمیا / زیندەوەرزانی |
| 4. کۆلێژی (سکولی) ئەندازیاری پسپۆری تەکنۆلۆجی لە کۆلێژە تەکنیکیەکان و پەیمانگەکان | فیزیك / ماتماتیك |
| 5. کۆلێژی (سکولی) ئەندازیاری بەشی (نەوت و کیمیاوی و پترول پسپۆری تەکنۆلۆجی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکیەکان. | کیمیا / فیزیك / ماتماتیك |
| 6. کۆلێژی (سکولی) کارگێری و ئابووری بە هەموو بەشەکانیەوە/پەیمانگەکانی تەکنیکی کارگێری/ ژمێریاری | ماتماتیك |
| 7. هەموو ئەو کۆلێژ (فاکەلتی) و سکول و پەیمانگەیانەی لە خاڵەکانی (1–5)ی ئەم خشتەیەدا نەهاتوون | کوردی / عەرەبی / ئینگلیزی |
| 8. وانە هاوپەیوەندارەکان سەبارەت بەلقە پیشەییەکان | زانستە پیشەییەکان و کوردی و عەرەبی |

# بەندی سێیەم

## ڕێنماییەکانی گواستنەوە و دابەزینی قوتابیان/خویندکاران لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

# ڕێنماییەکانی گواستنەوە و دابەزینی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکاران

**یەکەم: گواستنەوەی قوتابیان/خوێندکاران لە کۆلێژی کۆنمرە کەمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان**

قوتابیان/ خوێندکاران مافی گواستنەوەیان هەیە لە کۆلێژی کۆنمرە نزمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوەیان هەبێت (بەپێ ی فۆرمی ژمارە 1):

أ- دەبێت قوتابی/ خوێندکار ساڵی یەکەمی بێت لە زانکۆ، واتە ساڵی کەوتن یا دواخستن نەبێت.

ب-قوتابی/ خوێندکار یەکەم بێت لەسەر بەشەکەی و تێکڕای کۆنمرەکەی لە 80% کەمتر نەبێت

ج-ئەو ساڵەی کە قوتابی/ خوێندکار گواستنەوەی تێدا دەکات بەپێی ئەم بڕگەیە بە کەوتن هەژمار ناکرێت وە ناچێتە میچی خوێندنەوە .

مافەکانی گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار بۆ بەشە هاوتاکانیان بەپێی خشتەی ژمارەی (4) دەبێت .

**خشتەی(4)**

گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندکاران لە کۆلێژی کۆنمرە کەمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان بۆ بەشە هاوتاکانیان بەپێ ی بڕگەی یەکەمی گواستنەوە و دابەزین

| ژ | بەش لە کۆلێژەکانی زانکۆ | بەشی هاوتا لە کۆلێژەکانی زانکۆ |
|---|---|---|
| .19 | کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری | کۆلێژی پزیشکی |
| .20 | کۆلێژی زانست/ بەشی زیندەوەرزانی | کۆلێژی پزیشکی |
| .21 | کۆلێژ/ فاکەڵتی زانستە تەندروستیەکان/ مایکرۆبایۆلۆجی پزیشکی | کۆلێژی پزیشکی |
| .22 | سکوڵی تەندروستی/ میدیکەل مایکرۆبایۆلۆجی پزیشکی | کۆلێژی پزیشکی |
| .23 | کۆلێژی زانستە تەندروستیەکان/زانستی لابوری پزیشکی | کۆلێژی پزیشکی |
| .24 | کۆلێژ/ فاکەڵتی زانست/ بەشی کیمیا | کۆلێژی دەرمانسازی |
| .25 | کۆلێژی زانستە تەندروستیەکان/ کیمیای ژیانی کلینیکی | کۆلێژی دەرمانسازی |
| .26 | کۆلێژی زانستە تەندروستیەکان/ زانستی سڕکردن | کۆلێژی دەرمانسازی |
| .27 | کۆلێژی کشتوکاڵ | کۆلێژی پزیشکی ڤێتێرنەری |
| .28 | کۆلێژی زانست/ بەشی فیزیک | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی کارەبا |

| | | |
|---|---|---|
| 29. | کۆلێژی زانست/ بەشی ماتماتیک | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی شارستانی |
| 30. | کۆلێژی زانست/ بەشی کۆمپیوتەر | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی پرۆگرامسازی |
| 31. | کۆلێژی زانست/ بەشی جیۆلۆجی | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی جیۆتەکنیک |
| 32. | سکوڵی زانست/ پترۆلیۆم جیۆسایێنزی نەوت Petroleum Geo Science | کۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی نەوت |
| 33. | کۆلێژە/فاکەڵتیەکانی ئەدەبیات،زانستە مرۆڤایەتیەکان،زانستە کۆمەلایەتیەکان بەشەکانی(مێژوو،جوگرافیا،کۆمەڵناسی،شوێنەوار، فەلسەفە) | کۆلێژی یاساو رامیاری/ بەشی یاسا |
| 34. | بەشی راگەیاندن لە زانکۆکان | کۆلێژی یاساو رامیاری/ بەشی رامیاری |
| 35. | کۆلێژی کارگێری و ئابووری/ بەشی ئامار | کۆلێژی زانست/ بەشی ماتماتیک |
| 36. | کۆلێژی کارگێری و ئابووری( جگە لە بەشی ئامار) | کۆلێژی یاساو رامیاری/ بەشی یاسا |

## دووەم: دابەزینی خوێندنی قوتابیان/ خوێندکاران لە خوێندنی ئێواران / بەیانیان :

1-ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە زانکۆکانی هەرێم وەردەگیرێن، لە قۆناغی یەکەمدا مافی دابەزینیان هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە :

أ. ئەگەر کەمترین کۆنمرەی بەشی قوتابی/ خوێندکار بەرزتر بوو لە کەمترین کۆنمرەی (گشتی یان پارێزگا بە ڕەچاو کردنی کۆنمرەی قوتابی) ئەو بەشەی کە داوای دابەزینی بۆ دەکات لە شوێنی نیشتەجێ بوونی یان نزیک لە شوێنی نیشتەجێ بوونی (بەپێ ی فۆرمی ژمارە (3) ) بەرەچاوکردنیوانە پەیوەندیدارەکان (دروس المفاضلە) ی ئەو بەشەی کە دابەزینی بۆ دەکات لەگەڵ هەژمار کردنی ساڵی کەوتن یان دواخستن لە میچی خوێندن .

ب. ئەو قوتابیانەی/خوێندکارانەی کە وەردەگیرێن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم، لە قۆناغی یەکەمدا، لەساڵی یەکەمدا(2016-2017) مافی دابەزینیان هەیە، لە ماوەی دابەزینی دیاریکراودا دوای ڕەزامەندی هەردوولا، مامەلەی پالاوتنی تەواوکردبێت (بەپێ ی فۆرمی ژمارە(4)).

ج. ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە لە ساڵی خوێندنی پێشتر وەرگیراون و لە قۆناغی یەکەمدا ماونەتەوە (بەهۆی کەوتن یا دواخستن) دەتوانن بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان یان نزیک لە شوێنی نیشتەجێبوونیان، دابەزینیان بۆ بکرێت بەپێی کۆنمرەی ساڵی وەرگرتنیان، لەگەڵ ئەژمارکردنی ساڵی کەوتن یا دواخستن لەمیچی خوێندن (بەپێ ی فۆرمی ژمارە (3)) بە ڕەچاوکردنی(وانە پەیوەندیدارەکان( دروس المفاضلە)) ی ئەو بەشەی کە دابەزینی بۆ دەکات .

د. دابەزین بۆ ئەو بەشانە ناکرێت کە مەرجی چاوپێکەوتن و تاقی کردنەوەی جەستەیی و هونەری و شایستەییان تێدا مەرجی وەرگرتن بووە، وەکو (پەروەردەی وەرزشی، هونەرە جوانەکان.... هتد)، وە بەپێ ی ساڵی وەرگرتنیان .

هـ- ڕێژەی دابەزین لە هەر بەشێکی زانستی نابێ لە 20% تێپەڕێت، وە ڕێژەی وەگرتنی دابەزێندراوەکان لە هەر بەشێکدا نابێ لە 10% تێپەڕێت، داواکاری مامەڵەی قوتابی/ خوێندکاران کۆدەکرێنەوە و لە یەک پرۆسەدا بەپێ ی پێشبڕکێ ی کۆنمرەی دەرچوونیان ڕێژەکەیان لێ وەردەگێرێ.

و. دابەزینی قوتابی/خوێندکاری تازە وەرگیراو لە سەرەتای ساڵی خوێندندا لە (خاڵی (ب) ، بە پێی فۆرمی ژمارە(4) ) لەماوەی 10 ڕۆژ دا دەبێت دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران لە زانکۆکەکانی هەرێمدا.

ز.دەرچووبێت لە قوناغی یەکەم بۆ قوناغی دووەم بە مەرجێک ساڵی کەوتن و دواخستنی نەبێت (بە پێی فۆرمی ژمارە(3) ) لەگەڵ ئەژمار کردنی ئەو ساڵە لە میچی خوێندن.

2- هەموو مامەڵەیەکی دابەزین وێنەیەکی لەگەڵ بەراییەکان دەنێردرێت بۆ ناوەندی وەرگرتن بۆ ووردبینی کردن و ڕەزامەندی ، وە پرۆسەیەکی خێرا وگونجاوی بۆ بەرجەستە دەکرێت دواتر فەرمانی زانکۆیی پێ دەردەکرێت و وێنەیەکی دەدەرێتە ناوەندی وەرگرتن.

3- ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە دووساڵ لەسەر وەرگرتنیان تێپەر بووبێت لە قۆناغی یەکەم یا دووەمدابن بۆیان هەیە داوای دابەزین بکەن بە سیستەمی پاراليل بەم شێوەیەی خوارەوە:-

50% پارەی پاراڵێل بۆ هەر ساڵێکی خوێندن.

مەرجە کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار وەرگیرابێت لەو شوێنەی کە داوای دابەزینی بۆ دەکات لەساڵی وەرگرتنیدا لە زانکۆ.

## سێیەم: ڕاکێشانی دۆسیە:-

1- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار تەنها ساڵێکی خوێندن بەسەر راکێشانی دۆسیەیان تێپەربووە دەتوانن بگەرێنەوە بۆ هەمان بەش کە لێ ی وەرگیراون وە ئەمسالە لە میچی خوێندن هەژمار دەکرێت.

2- ئەگەر زیاتر لە ساڵێکی خوێندن بەسەر راکێشانی دۆسیەکەی تێپەر بووبێت و لە قۆناغی یەکەمدا بێت ئەوا بە تێکڕای پارەی یسیستەمی پاراڵیل دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر لە سەرووی قۆناغی یەکەمدا بێت ئەوا بە نیوەی ئەو برە پارەیە دەگەڕێتەوە.

# بەندی چوارەم

## پێشکەشکردنی فۆرمی زانکۆلاین

## مافی وەرگرتن و پێشکەشکردنی فۆرمی زانکۆلاین:

أ. هەر قوتابییێک/خوێندکارێک کە فۆرمی وەرگرتن پێشکەش دەکات مەرج نییە وەربگیرێت، چونکە وەرگرتن بەپێی چەند بنەمایەکی تایبەتی و لەسەر بنچینەی کێبڕکێی کۆنمرە لەگەڵ قوتابیان/خوێندکارانی تردا دەبێت.

ب. وەرگرتن لە بەشەکان بە شێوازی وەرگرتنی ناوەندی (قبول مرکزی) جێبەجێ دەکرێت، بۆیە قوتابی/خوێندکار مافی وەرگرتنی تەنها لە یەک بەشی زانکۆکان هەیە.

ج. قوتابی/خوێندکار مافی نییە لە هەمان کاتدا خوێندکاربێت لە زانکۆیەکی حکومی و زانکۆیەکی تایبەت ( ئەهلی)، ئەگەر لە هەردووکیان وەرگیرا بوو، ئەوا پێویستە لەسەری لە هەفتەی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی ناوەکان بڕیاری خۆی بدات و داوای کێشانەوەی دۆسییە و سڕینەوەی ناو لە زانکۆی حکومی یان لە زانکۆ تایبەتەکە بکات، بەپێچەوانەوە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت.

د. ئەو قوتابی/خوێندکارەی کە ساڵانی پێشتر فۆرمی پێشکەش کردووە و لە بەشەکان وەرگیراوە، ئەگەر پەیوەندی بەخوێندنەکەی کردبێت یان نەکردبێت مافی نییە جارێکیتر داواکاری وەرگرتن پێشکەش بکات.

ە. قوتابی/خوێندکار مافی هەیە لە فۆرمی پێشکەشکردن، (50) هەڵبژاردە (اختیار) پڕبکاتەوە لە بەشەکانی زانکۆ حکومیەکان ، ڕیزبەندی و هەڵبژاردەکان (اختیارات) بە پێی بڕیار و ئارەزووی خوێندکار/ قوتابی دەبێت. ئەمە پێوەرێکی گرنگ و سەرەکییە لە دیاریکردنی شوێنی وەرگرتن. پێویستە لەسەر قوتابی/خوێندکار ڕەچاوی مەرجە گشتی و تایبەتییەکانی وەرگرتن بکات و تەنها ئەو خوێندن و بەشانە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ ئارەزووی خۆی و لقی خوێندنی ئامادەییەکەی دەگونجێت.

و. ئەگەر قوتابی/خوێندکار فۆرمی پێشکەش کرد و بەهۆی کەمی و نەگونجانی هەڵبژاردنەکانی، ناوی لە هیچ بەشێک دەرنەچوو. ئەوا ناوەندی وەرگرتن ئەو قوتابی/خوێندکارانە لەسەر ئەو کورسیانەی خوێندن دابەش دەکات کە لە زانکۆکان بە بەتاڵی دەمێنێتەوە، بە ڕەچاوکردنی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو، وە ئەو قوتابی/خوێندکارانە مافی نارەزاییان نابێت.

ز. ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە بەهۆی کەمی کۆنمرەکانیان لە هیچ بەشێک وەرناگیرێن بۆیان هەیە لە ساڵی ئاییندەدا (2016-2017) دووبارە بچنەوە کێبڕکێی بە پێی کۆنمرەی ساڵی دووەمی پێشکەش کردن، وە ئەو مافەشیان تەنها بۆ یەک ساڵ پێدەدرێت

# پێشکەشکردنی فۆرمی زانکۆلاین

چوونە ژورەوەی ماڵپەری زانکۆلاین و پڕکردنەوەی فۆرم بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

بۆ چوونە ناو ئینتەرنێت (Internet) یەك لەم بەرنامانەی خوارەوە بکەرەوە

(Internet Explorer – Fire Fox – Google Chrome ).

**(1)** بۆ ڕاستەوخۆ چوونە ناو پەیجی (لاپەڕەی) سەرەکی زانکۆلاین، (www.regayZanko.com) بنووسە. وە هەروەها دەتوانی لە ڕێی (www.mohe-cao.com) یان (www.mhe-krg.org) بچیتە ناو هەمان پەیجەوە. بەمە لاپەڕەی (زانکۆلاین) دەکرێتەوە کە چەند زانیارییەکی تێدایە دەتوانی سوودی لێ وەربگری، وەك لە وێنەی (١) دیارە.




وێنەی (١)

پێشکەشکردن، بە دوو هەنگاو دەبێت:

**یەکەم:** زیادکردنی زانیاری بۆ تۆماری گشتی،

بە کلیك کردنی ئایکۆنی یەکەم لە دەستی چەپەوە (چوونە ژوورەوە بۆ زیادکردنی زانیاری بۆ تۆماری گشتی)،

**دووەم:** پێشکەشکردنی داخوازینامە (پڕکردنەوەی فۆرمی هەڵبژاردنەکان).

بە کلیك کردنی ئایکۆنی دووەم لە دەستی چەپەوە (زانکۆلاین).

# یەکەم: زیادکردنی زانیاری بۆ تۆماری گشتی

بە کلیك کردنی ئایکۆنی یەکەم لە دەستی چەپەوە (چوونە ژوورەوە بۆ زیادکردنی زانیاری بۆ تۆماری گشتی)، لاپەڕەی (بەخێربێن بۆ زانکۆلاین) دەکرێتەوە.

(أ) لاپەڕەی (بەخێربێن بۆ زانکۆلاین)، وێنەی (١-٢):




وێنەی (١-٢)

ناوی بەکارهێنەر/ژمارەی ئەزموون و ووشەی تێپەر/کۆد لەگەڵ ئەو ژمارەیەی کە دەردەچێت بنووسە. پاشان کلیك بکە لەسەر (چوونە ژوورەوە): لاپەڕەی (ڕاگەیاندنی یاسایی) دەکرێتەوە.

(ب) لاپەڕەی (ڕاگەیاندنی یاسایی)، وێنەی (١-٣):




وێنەی (١-٣)

وێنەی (١-٣)، لاپەڕەی مەرج ورێنماییەکانە، وە بۆ تێپەڕبوون لەم لاپەڕەیە پێویستە ڕەزامەندبیت لەسەریان.

پاش خوێندنەوەی، کلیك بکە لە ناو چوارگۆشەی بەرامبەر (رازیم لەسەر ئەم مەرجانە)، پاشان کلیك بکە لەسەر (رازیم): لاپەڕەی (زیادکردنی زانیاری) دەکرێتەوە.

**(ج)** لاپەڕەی (زیادکردنی زانیاری)ی تایبەت بە پێشکەشکەر دەکرێتەوە (تێبینی ناو بکە)، وێنەی (١-٤):




وێنەی (١-٤)

هەموو ئەو زانیاریانەی پێویستە بە ووردی لە لاکێشەکاندا بنووسە وە گرووپی خوێن وپارێزگا هەلبژێرە وە هەروەها وێنەکەت کەبۆ Browse کردن Upload دەبێت (وێنەکەت فایلێك بێت لە ناو کۆمپیوتەرەکە)، بەو شێوەیەی لە وێنەی (١-٥) هاتووە:




وێنەی (١-٥)

ووردبینی زانیاریەکانت بکە، پاشان کلیك بکە لەسەر (**دواتر**). بەمە لاپەڕەی (**زانیاری پێشکەشکار**) ی تایبەت بە پێشکەشکەر دەکرێتەوە، وێنەی (١-٦):




وێنەی (١-٦)

بەمە هەنگاوی یەکەم **(زیادکردنی زانیاری بۆ تۆماری گشتی)** کۆتایی دێت وە دەبێت دەستبکەیت بە هەنگاوی دووەم **(پێشکەشکردنی داخوازینامە - یاخود، پڕکردنەوەی فۆرمی هەڵبژاردنەکان)**.

بۆ دەسپێکردنی هەنگاوی دووەم دەبێت بگەڕێیتەوە پەیجی (لاپەڕەی) سەرەکی زانکۆلاین، وێنەی (١).

بۆ گەڕانەوە بۆ پەیجی (لاپەڕەی) سەرەکی زانکۆلاین، وێنەی (١)، کلیك بکە لەسەر **(دەرچوون)** لە لای چەپی سەرەوەی لاپەڕەی **(زانیاری پێشکەشکار)**، وێنەی (١-٦).

## دووەم: پێشكەشكردنی داخوازینامە (پڕكردنەوەی فۆرمی هەڵبژاردنەكان)

بۆ پڕكردنەوەی فۆرم، كلیك بكە لەسەر (چوونە ژوورەوە بۆ پێشكەشكردنی داخوازینامە): لاپەڕەی (بەخێربێن بۆ زانكۆلاین) دەكرێتەوە.

**(2)** لاپەڕەی (بەخێربێن بۆ زانكۆلاین)، وێنەی (٢):




وێنەی (٢)

ناوی بەكارهێنەر/ژمارەی ئەزموون و ووشەی تێپەر/كود لەگەڵ ئەو ژمارەیەی كە دەردەچێت بنووسە. پاشان كلیك بكە لەسەر (چوونە ژوورەوە): لاپەڕەی (ڕاگەیاندنی یاسایی) دەكرێتەوە.

**(3)** لاپەڕەی (ڕاگەیاندنی یاسایی)، وێنەی (٣):




وێنەی (٣)

وێنەی (٣)، لاپەڕەی **مەرج ورێنماییەکانە**، وە بۆ تێپەڕبوون لەم لاپەڕەیە پێویستە **ڕەزامەندبیت** لەسەریان.

پاش خوێندنەوەی، کلیك بکە لە ناو چوارگۆشەی بەرامبەر (**رازیم لەسەر ئەم مەرجانە**)، پاشان کلیك بکە لەسەر (**رازیم**): لاپەڕەی (**زیادکردنی زانیاری**) دەکرێتەوە.

**(٤)** لاپەڕەی (**زیادکردنی زانیاری**)، وێنەی (٤):




وێنەی (٤)

کلیك بکە لە ناو لاکێشەی بەرامبەر **شوێن**: لیستی شارەکان دێتە خوارێ، وێنەی (٤-١):




وێنەی (٤-١)

لە لیستی شارەکان، وێنەی (٤-١)، کلیك بکە لەسەر **ئەو شارەی** لێی نیشتەجێی، بۆ نموونە [**هەولێر**]: لیستی قەزاکان دێتە خوارێ، وێنەی (٤-٢):




وێنەی (٤-٢)

لە لیستی قەزاکان، وێنەی (٤-٢)، کلیك بکە لەسەر **ئەو قەزایەی** لێی نیشتەجێی، بۆ نموونە [**چۆمان**].

بە مە دەگەڕێیتەوە وێنەی (٤) وە دە بینی بەرامبەر **شوێن** ناوی قەزاکە نووسراوە، وێنەی (٤-٣).

لە وێنەی (٤-٣)، کلیك بکە لە ناو لاکێشەی بەرامبەر **ژمارەی مۆبایل**: ژمارەی مۆبایلێك بنووسە بۆ مەبەستی پەیوەندی کردن پێتەوە لەکاتی پێویستیدا.

وەپاشان کلیك بکە لە سەر لاکێشەی بەرامبەر **سالّی لەدایکبوون**: لیستی سالّەکان دێتە خوارێ، وێنەی (٤-٣):




وێنەی (٤-٣)

لە لیستی سالّەکان، وێنەی (٤-٣)، کلیك بکە لەسەر **سالّی لەدایکبوونت**. پاشان کلیك بکە لە سەر (**دواتر**): لاپەڕەی (**زانیاری پێشکەشکار**) دەکرێتەوە.

**(٥)** لاپەڕەی (**زانیاری پێشکەشکار**)، وێنەی (٥):




وێنەی (٥)

تێبینی بکە ئیمێڵ گرنگ نییە، وە ئەگەر نەبوو، پێویست ناکات سکاڵا بنووسیت.

ئەم لاپەڕەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی سەرەوە زانیاری گشتی یە وە بەشی خوارەوە زانیاری نمرەکانە.

بە ووردی تێبینی هەموو زانیاریەکانت بکە:

(۱-٥) ئەگەر هەڵەی تێدا نەبوو، کلیك بکە لە سەر (دواتر): ئەو پەنجەرەیەی وێنەی (۱-٥) دەردەچێت:




وێنەی (۱-٥)

بە ووردی وێنەی (۱-٥) بخوێنەوە، ئەگەر دڵنیای زانیاریاکانت دروستن کلیك بکە لەسەر OK: لاپەڕەی (هەڵبژاردنەکان) دەکرێتەوە.

ئەگەر کلیك بکەیت لەسەر Cancel: دەگەڕێتەوە لاپەڕەی (زانیاری پێشکەشکار)، وێنەی (٥).

(۲-٥) ئەگەر هەڵەی تێدا بوو، کلیك بکە لە سەر (هەڵە لە زانیاریەکانم) لە وێنەی (٥): لاپەڕەی (پێداچوونەوەی زانیاریەکان) دەکرێتەوە، وێنەی (۲-٥):




وێنەی (۲-٥)

نیشانەی (X) دابنێ لە بەرامبەر ئەو **زانیاریيانەی** کە **هەڵەیە** بە کلیك کردن لەسەر ئەو چوارگۆشەیەی لە پێش زانیارییە هەڵەکە هەیە. پاشان **تێبینی** خۆت لە ناو لاکێشەی **تێبینی** بنووسە لەگەڵ **زانیارییە ڕاستەکان**، بۆ نموونە: ئەگەر هەڵە لە ڕەگەز بوو: (١) کلیك بکە لەسەر چوارگۆشەی بەرامبەر ڕەگەز پاشان (٢) لە ناو لاکێشەی **تێبینی**، ڕەگەزە درووستەکە بنووسە.

دواتر کلیك بکە لەسەر (**ناردنی سکاڵا**): ئەو پەنجەرەیەی وێنەی (٥-٣) دەردەچێت:




وێنەی (٥-٣)

کلیك بکە لەسەر **OK**. بەمە لاپەڕەی (**ناوەڕۆکی سکاڵای پێشکەشکراو**) دەکرێتەوە، وێنەی (٥-٤):




وێنەی (٥-٤)

تێبینی ڕاستکردنەوەکانت بکە وە ئەوەی لە خوار لاکێشەی **تێبینیەکەت** بۆت نووسراوە.

-- ئەگەر چاودێران لەسەر هێڵ بن، ئەوا یەکسەر وەڵام دەدرێیتەوە و زانیاریە ڕاستکراوەکان دەبینی، وێنەی (٥-٥)، ئەو کاتە کلیك بکە لەسەر (دواتر): لاپەڕەی (هەڵبژاردنەکان) ، وێنەی (٦)، دەکرێتەوە.

-- ئەگەر وەڵام نەدرابیتەوە، کلیك بکە لەسەر (دەرچوون)، وەچاوەڕوان بە هەتا وەڵامت دەدرێتەوە لە ماوەی (24) کاتژمێر یان کەمتر.

(دەرچوون): لە لای چەپی سەرەوەی لاپەڕەکەیە.

پاش تێپەربوونی کاتی دیاریکراو، دووبارە بڕۆ ناو لاپەڕەی (بەخێربێن بۆ زانکۆلاین)، وێنەی (٢)، ناوی بەکارهێنەر و ووشەی تێپەر لەگەڵ ئەو ژمارەیەی کە دەردەچێت بنووسە، پاشان کلیك بکە لەسەر (چوونە ژوورەوە): لاپەڕەی (ناوەرۆکی سکاڵای پێشکەشکراو) دەکرێتەوە:

-- ئەگەر وەڵام نەدرابیتەوە، وێنەی (٥-٤) دەکرێتەوە: دووبارە کلیك بکە لەسەر (دەرچوون)، وەچاوەڕوان بە هەتا وەڵامت دەدرێتەوە.

-- ئەگەر وەڵام درابیتەوە، زانیاریە ڕاستکراوەکان دەبینی، بۆ نموونە: وێنەی (٥-٥):




وێنەی (٥-٥)

لە وێنەی (٥-٥): تێبینی ڕاستکردنەوەی هەڵەکە (یان هەڵەکان) بکە، بۆ نموونە: ڕەگەز ڕاستکراوەتەوە، وە ئەوەش پێوویستی بە نووسینی تێبینی نییە لە لاکێشەی وەڵامەکەت.

پاشان كليك بكە لەسەر (دواتر): لاپەڕەی (هەڵبژاردنەكان) ، وێنەی (٦)، دەكرێتەوە.

دواتر دەست دەكەیت بە هەڵبژاردنی بەشەكانی مەبەستتە. واباشترە پێشتر هەموو هەڵبژاردنەكانت ئامادە كردبێت و نووسیبێت لە پەڕەیەكدا، پاشان دەست بكە بە داخل كردنیان.

تێبینی: دەبێت ژمارەی هەڵبژاردنەكانت لە (25) هەڵبژاردن كەمتر نەبێت وە لە (50) زیاتر نەبێت. بەڵام، بۆ قوتابییە تەمەن گەورەكان، دەكرێت ژمارەی هەڵبژاردنەكان كەمتر بن لە (25).

(٦) لاپەڕەی (هەڵبژاردنەكان)، وێنەی (٦):




وێنەی (٦)

كليك بكە لەسەر (هەڵبژاردنێكی نوێ)، لیستی شارەكان دێتە خوارێ، وێنەی (٦-١):




وێنەی (٦-١)

کلیك بکە لەسەر **شاری** ئەو زانکۆ یان پەیمانگایەی دەتەوێت، بۆ نموونە: **هەولێر**، لیستی زانکۆکان و دەستەی لەو شارەن دێتە خوارێ، وێنەی (٦-٢):




وێنەی (٦-٢)

کلیك بکە لەسەر ئەو **زانکۆیەی** مەبەستتە، بۆ نموونە: **زانکۆی سەلاحەدین**، لیستی کۆلیژ (فاکەلتی) ەکان دێتە خوارێ، وێنەی (٦-٣):




وێنەی (٦-٣)

کلیك بکە لەسەر ئەو **کۆلیژ (فاکەلتی)** یەی مەبەستتە، بۆ نموونە: **کۆلیژ زانست**، لیستی بەشەکانی دێتە خوارێ، وێنەی (٦-٤):




وێنەی (٦-٤)

کلیك بکە لەسەر ئەو **بەشەی** مەبەستتە، بۆ نموونە: **کیمیا**، بەمە ئەو بەشە دەچێتە (**لیستی هەڵبژاردراوەکان**)ەوە، وێنەی (٦-٥):




وێنەی (٦-٥)

تێبینی: ئەم لاپەڕەیە هەلبژاردنەکانت نیشان دەدات هەرجارێ هەڵبژاردنێك زیاد بکەیت، تا کۆتایی هەڵبژاردنەکانت.

بۆ هەڵبژاردنی بەشێکی تر، کلیك بکە لەسەر (هەڵبژاردنێکی نوێ)، لیستی شارەکان دێتە خوارێ، وێنەی (٦-١)، بۆ نموونە: سلێمانی کلیك بکە: لیستی زانکۆکان دێتە خوارێ، وەك وێنەی (٦-٢)/ زانکۆی سلێمانی کلیك بکە: لیستی فاکەڵتیەکان دێتە خوارێ، وەك وێنەی (٦-٣)/ فاکەڵتی زانست وپەروەردە زانستەکان کلیك بکە: لیستی سکولەکان دێتە خوارێ/ سکولی زانست کلیك بکە: لیستی بەشەکان دێتە خوارێ، وەك وێنەی (٦-٤)/ فیزیك کلیك بکە. بەمە بەشی فیزیك دەچێتە (لیستی هەڵبژاردراوەکان)ەوە، وێنەی (٦-٦):




وێنەی (٦-٦)

**بە هەمان شێوە بەردەوام بە بۆ زیادکردنی هەڵبژاردنەکانت.**

وێنەی (٦-٧) نموونەیەکە بۆ قوتابیەك کە (28) بەشی هەڵبژاردووە:



وێنەی (٦-٧)

**تێبینی بکە؛** بەرامبەر هەر هەڵبژاردنێك دوو هێما هەن کە ڕۆڵیان گۆڕانکاری کردنە لە هەڵبژاردنەکاندا وە مانایان ئەمانەی خوارەوەن:

-  : بۆ گۆڕینی بەشەکەیە، بە کلیك کردنی: دەگەڕێیتەوە هەڵبژاردنەکان، وێنەی (٦-١)، بۆ ئەوەی بەشێکی تر هەڵبژێریت وە کە هەڵبژاردنت کرد دەچێتە (**لیستی هەڵبژاردراوەکان**)ەوە لە شوێنی بەشە کۆنەکە، وە بەشە کۆنەکە نامێنێت،
-  : بۆ سرینەوە (ڕەشکردنەوە) ی ئەو بەشە.

**جێ گۆرکێ کردن:** بۆ بردنەسەرەوە یان بردنەخوارەوەی هەڵبژاردنێک لە لیستەکەدا (گۆرینی ریزبەندی هەڵبژاردنکە)، کلیك بکە لەسەر ئەو هەڵبژاردنە وپەنجەت هەلمەگرە لەسەر ماوسەکە، وە بەمە هەڵبژاردنکە **دەسگیردەکەیت**، پاشان هەڵبژاردنکە **راکێشە** بۆ ئەو شوێنەی دەتەوێت وە لەوێ ماوسەکە بەردە بەمە ئەو هەڵبژاردنە دەچێتە ئەو شوێنە نوێ یە (ئەمە پێی دەڵێن Drag and Drop).

**بۆ نموونە:** لە وێنەی (٦-٨) ئەو بەشەی کۆدی هەڵبژاردنەکەی (650)یە لە ریزبەندی (6) هەمە. بەکلیك کردنی وراکێشانی بۆ ناوەندی ریزبەندی (2) و (3) وەکو وێنەی (٦-٩)ی لێ دێت (تێبینی جێ شوێنی گرتنی ماوسەکە  بکە کاتێك پەنجەت لەسەر ماوسەکە هەڵدەگریت، ریزبەندی ئەو بەشە دەبێت بە (3) هەمە و ریزبەندی بەشەکانی پاشی زیاد دەبن بە یەکێك.




وێنەی (٦-٨)




وێنەی (٦-٩)

پاش تەواوبوون لە هەڵبژاردنەكانت، **باشتروایە**، (**لیستی هەڵبژاردراوەكان**) چاپ بكەیت بە كلیك كردن لەسەر (**چاپكردن**): وە بەوە فۆرمەكەت بۆ چاپدەكرێت وەك لە وێنەی (٦-١٠) هاتووە:




وێنەی (٦-١٠)

وە پاش چاپكردن دەگەڕێیتەوە فۆرمەكەت.

ئەگەر دەتەوێت لێرەدا فۆرمەکەت **پێشکەش نەکەیت** بۆ ئەوەی **پاشتر گۆڕانکاری** لە هەڵبژاردنەکان بکەیت، کلیك بکە لەسەر (**دەرچوون**). **ئاگاداربە** کە چەند **[ڕۆژت ماوە]**: لەسەرەوەی لاپەرەکە نووسراوە.

پاشتر دەتوانیت بگەڕێیتەوە هەمان لاپەڕەی (**لیستی هەڵبژاردراوەکان**) ت بە نووسینی ناوی **بەکارهێنەر** و **ووشەی تێپەر** لەگەڵ **ئەو ژمارەیەی** کە دەردەچێت و پاشان کلیك کردن لەسەر (**چوونە ژوورەوە**) لە لاپەڕەی (**بەخێربێن بۆ زانکۆلاین**)، وێنەی (٢).

ئەگەر دەتەوێت فۆرمەکەت **پێشکەش بەکەیت**، کلیك بکە لەسەر (**هەڵبگرە**) لە وێنەی (٦-٧): بەمە ئەو پەنجەرەیەی وێنەی (٦-١١) دەردەچێت:




وێنەی (٦-١١)

ئەگەر **دڵنیا نیت** لە کۆتایی هێنان بە هەڵبژاردنەکانت: کلیك بکە لەسەر **Cancel**. بەمە دەگەڕێیتەوە لاپەڕەی (**لیستی هەڵبژاردراوەکان**)،

ئەگەر **دڵنیایت** لە کۆتایی هێنان بە هەڵبژاردنەکانت: کلیك بکە لەسەر **OK**. بەمە ئەو پەنجەرەیەی وێنەی (٦-١٢) دەردەچێت:




وێنەی (٦-١٢)

ئەگەر ئەم جارە **دڵنیا نیت** لە کۆتایی هێنان بە هەڵبژاردنەکانت: کلیك بکە لەسەر **Cancel**. بەمە دەگەڕێیتەوە لاپەڕەی (**لیستی هەڵبژاردراوەکان**)،

ئەگەر **دڵنیایت** لە کۆتایی هێنان بە هەڵبژاردنەکانت: کلیك بکە لەسەر **OK**. بەمە لاپەڕەی (**هەڵبژاردنە دروستەکانت**)، وێنەی (٦-١٣)، دەردەچێت:

**ئاگاداربە:** بە کلیك کردن لەسەر **OK**، پرۆسێسی پێشکەشکردن **کۆتایی پێ دێت**، وە جارێکی تر **ناتوانیت** بە هیچ جۆرێك بچیتەوە ناو فۆرمەکەت.




وێنەی (٦-١٣)

باشتروایە لاپەڕەی (هەڵبژاردنە دروستەکانت) لای خۆت هەڵبگریت ئەوەش بە: (١) چاپکردنی بە کلیك کردن لەسەر (چاپکردن) یان (٢) بە کلیك کردن لەسەر (پاشەکەوت) لاپەڕەی (هەڵبژاردنە دروستەکانت) دەکرێتەوە بە شێوەی (pdf)، وەك لە وێنەی (٦-١٠)، وە لە پەیجێکی نوێی براوسەرەکە (Browser)، وە دەتوانی ئەو فایەلە (pdf)ە کۆپی (Save) بکەیت لە کۆمپیوتەرەکەتدا یاخود چاپیکەیت (Print).

پاشان بگەرێوە پەیجی فۆرمەکەت وە کلیك بکە لەسەر (دەرچوون).

## ....بەهیوای سەرکەوتن....

# بەندی پێنجەم

## چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەی لێهاتوویی، پەیوەندیکردن و ناڕەزایی و ڕەخنەگرتن، گەڕانەوەی پاڵاوتن، خۆتەرخانکردن بۆ خوێندن

## یەکەم: چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەی لێهاتوویی

ئەو بەشانەی کە بۆوەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەی لێهاتووییان هەیە، پێویستە بەم کات و شێوازەی خوارەوە ئەنجامی بدەن:

فۆرم لە ڕێکەوتی 2016/8/20 تا 2016/9/5 دابەش دەکرێت، دواتر لە ڕێکەوتی 2016/9/10 تا 2016 /9/15چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە ئەنجام دەدرێت و ناوی دەرچووان و کەوتووانی تاقیکردنەوە لەلایەن کۆلێژ/فاکەڵتییەوە ڕادەگەیەنرێت بەبێ ئاشکراکردنی نمرەی بەدەستهێنراو. دواتر ئەنجامی کۆتایی لە 2016/9/25 لە ڕێگای تۆماری گشتییەوە دەنێردرێتە ناوەندی وەرگرتن وەنمرەی کۆتایی کێبڕکێ بریتی دەبێت لە (40%)ی نمرەی تاقیکردنەوەی لێهاتوویی و لە (60%)ی نمرەی تێکڕای بڕوانامەی ئامادەیی.

## دووەم: پەیوەندیکردن و ناڕەزایی

